# ٤٩ بەڵگەنامەی نوێی میرنشینی سۆران

فەخری سیلاحشۆر

ئەم کتێبەی لەبەردەستمە، لە ئینگلیزییەوە کردوومەتە عەرەبی، بۆیەش کردوومەتە عەرەبی بۆ ئەوەی نیشانی بێگانەی بدەین، کە میللەتی کورد هەر لە کۆنەوە هەوڵی دروستبوونی دەوڵەتێکی داوە، دەکرێ بڵێین لە عیراقدا زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمی دەوڵەتە و زۆربەی کوردیش ئەو زمانە دەزانن، دەوڵەتێکی وەکو سوریا ڕەنگە ئەگەر بەکوردی بۆیان بنووسی هەموویان کوردی نەزانن، ئێران بە حوکمی ئەوەی وڵاتێکی ئیسلامیە و قورئان دەخوێننەوە، لەوانەیە بتوانن سوود لە زمانی عەرەبی وەربگرن.( د.جەمال نەبەز ) لە دکتۆرانامەکەی خۆیدا لە یەکێك لە بابەتەکانیدا، رووخانی میرنشینی سۆران ئەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری دەرەکی و دەوری ئینگلیز و بێگانەکان لە رووخانی ئەو میرنشینە. ئەگەرچی د.جەمال نەبەز وەکو پێویست نەیتوانیوە دەستی بگاتە هەندێك بەڵگەنامە، بەڵام بۆچوونێکی جوانی هەیە، کە دەڵێت (ئینگلیزەکان بەرژەوەندی خۆیان هەبوو، لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی) بۆیە پاڵپشتی (میر محەمەد) نەبوونە و ویستویانە (میر محەمەد) رۆڵێکی ئەوتۆی نەبێت و سەرنەکەوێت، هەوڵیان داوە زیاتر پەیوەندییەك لە نێوان ئیمپراتۆری قاجاری و ئیمپراتۆری عوسمانی پەیدابکەن. ئینگلیزەکان ڕۆڵ و دەوریان لە دژایەتی کردنی (میر محەمەد) چی بوو؟ بەداخەوە هەروەکو ووتم د.جەمال نەبەز هەموو ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوەی لە دکتۆرانامەکەیەدا سوودی لێوەربگرێت، بەڵام من توانیم لە نەمسا (مێژووی نوێی کوردان)م بەر لە چەند ساڵێك دەست بکەوێت و دیتم ئەو کتێبە دەست نیشانی سەرچاوەیەك دەکات، ویستم بزانم ئەو سەرچاوەیە چییە و باس لە چی دەکات؟ کە سەرچاوەکەم دیت، بینیم شتێکی باشی لێ دروست دەبێت، کە پێکهاتبوو لە نامەیەکی دکتۆرە (نامیّ) کە بەناوی (مراحلات ریچارد وود) نووسیویەتی، ئینجا هەوڵمدا ئەم سەرچاوەیە بە تەواوی پەیدابکەم، ئەوەبوو لە رێگەی کتێبخانەی نیشتمانی ڤیەننا لە نەمسا داوام کرد، دوای گەڕان بە کۆمپیوتەر لە بەریتانیا بۆم هات و خوێندمەوە و کۆپیم کرد، لەبەرئەوەی زۆر تامەزرۆی بووم بۆ ئەوەی بزانم بابەتەکە چییە. من ئینگلیزیم لەو ئاستەدا نەبوو، بەڵام تامەزرۆییم بۆ بابەتەکە وای کرد (8–9) قامووسی (ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی) و هەتا ئیسکێنەرێکی ئینگلیز و عەرەبی پەیدابکەم بۆ وەرگێڕان، شەو و رۆژ لەگەڵیان دادەنیشتم بۆ تەرجەمەکردن، کەسێك کە بابەتێك تەرجەمە دەکات دەبێت خۆیشی هەندێك زانیاری لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، کە دەیەوێت تەرجەمەی بکات. بێ گومان زانیاری خۆم زۆر یارمەتی دام، بەتایبەتی ئەو نامانەی کە پەیوەندی بە میر محەمەدی سۆران و بارودۆخی ئەوکات هەبوو، کتێبەکە پەیوەندی بە کوردستان و محەمەد عەلی پاشاوە هەبوو، بێ گومان ئێمەش دەزانین وەك (حوسێن حوزنی) لە مێژووی میرانی سۆران باسی کردووە، کاتی خۆی پەیوەندییەك هەبووە لە نێوان (میر محەمەد و ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشا)، ئەو پەیوەندییە وەك (حوسێن حوزنی) باسی دەکات، دەڵێت (من نامەکەم بەخۆم دیتووە و بۆمنیان هێناوە، ناوداران و پیاوە گەورەکانی رواندز باسی ساڵەکەشی دەکەن)، بەڵام بەداخەوە کە نامەکە لەبەردەست نییە ، د. جەمال دوای ئەوە توانیویەتی کۆپی نامەکە لە (حوسێن حوزنی) وەربگرێت، هەوڵی داوە سوودی بۆ دکتۆرانامەکەی لێ ببینێت، بەڵام ئەویش بڵاوی نەکردۆتەوە، من ئەو بەڵگەنامانەم وەرگێڕاون ، کە پەیوەندییان بە بارودۆخی کوردستان و مەسەلەی کورد و میرنشینی سۆران هەبووە و ژمارەیان 27–66 بەڵگەنامەیە ، ئەوەی گرنگە تاکو ئێستا کەس نازانێ کەوا ئینگلیز خۆیان هاتوونە رواندز و نوێنەری خۆیان ناردۆتە لای (محەمەد پاشا) و هەفتەیەك لە رواندز ماوەتەوە و نامەی بۆ (محەمەد پاشا) ناردووە، پێی گوتوە حەزدەکەم بێمە لات ، لەنێو ئەو دیکۆمێنتانە زانیاری زۆر گرنگی مێژوویی هەیە، جگە لە زۆر رووداوی مێژوویی کە کاتی خۆی روویانداوە، تا ئێستاش زانیاری ئەوتۆمان نییە، یاخود ئەگەر زانیاریشمان هەبێت وەکو پێویست نەبووە، بەڵام ئەم دیکۆمێنتانە جەختیان لەسەر دەکەن، زۆر گرنگە ئەوەی بە قسە ووتراوە بە بەڵگە بیسەلمێنێ.

ئەو کەسەی هاتووە ناوی (ریچارد وود)بووە، کە من نامەیەکم پێیەو لەسەر ژیانی ئەوم نووسیوە، ژیاننامەکەی چۆن بووە بە عەرەبیم نووسیوە، ئەگەر چاپ کرا ووردەکارییەکانی دەبینن، (ریچارد وود) کە هاتووە وەك وەرگێڕ هاتووە تا کاری وەرگێڕی بکات بۆ ئەو رۆژئاوایی و عوسمانیانەی کە لەگەڵ ئیمپراتۆر بازرگانی دەکەن.

(ریچارد وود) لەبەر ئەوەی گەنج و زیرەك بووە، قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی داوە پێ بگات، تاگەیشتۆتە ئەوەی لەگەڵ (قونسلی) سەفیری بەریتانیا لە دەوڵەتی عوسمانی پەیوەندییەکی پتەو پەیدا دەکات. ئەگەرچی (قونسل) و (ریچارد وود) لە تەمەنەوە جیاوازییان هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی زیرەك بووە (قونسل) گرنگی پێ داوە.

کاتێك کە هەواڵی گەیشتنی (میرنشینی سۆران) و گرتنی جەزیرەی بۆتان و ماردین و ئەو بارودۆخەی ئەو کاتیان پێ دەگات. سەرەتا (ریچارد وود) دەنێرن بۆ ئەوەی بچێتە لوبنان و دەورەیەکی عەرەبی لە لوبنان دەکاتەوە و دواتر دەینێرن زانیاری لەسەر (محەمەد پاشا و ئیبراهیم پاشا) و بارودۆخی ئەوێ وەربگرێت، بەڵام لەبەر گرنگی مەسەلەی (میر محەمەد)، واز لەوێ دێنێت و لە نامەکانی دەنوسێت، (نامەی یەکەم) لە قەڵای دهۆك، کە ئەوکات دهۆك وەك گوندێکی بچووك وا بووە، دێتە سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی (محەمەد رشید



میر محەمەدی رواندزی لەگەڵ کۆمەڵێك لە جەنگاوەران...



پاشا) کە لە دهۆك بووە، پەیوەندی بە (محەمەد عەلی پاشا)وە دەکات و دەیگاتێ، بەلاّم دیارە رۆژی یەکەم گیروگرفتێك روودەدات و لە نامەکەشیدا باسی دەکات، نیمچە شەڕێکیش لەگەڵ (محەمەد رشید پاشا) دروست دەبێت، بۆیە لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەڵێ من لای بەرپرسی خۆمەوە (باب ئەلعالی) ناردراوم و بۆ ئەم مەسەلەیە هاتوومەتە لای ئێوە، ئەویش یارمەتی ئەدات، بەلاّم یەکێك لە ئەفسەرە پلە بەرزەکان داوای لێ دەکات، واتە داوا لە (ریچارد وود) دەکات ئەگەر نەڕۆی دەتکوژم، ئیتر لەوێ وەکو هەلاّتن هەڵدێت و بەرێگەی دیجلەوە دەچێتە موسڵ، دواتر دەچێتە بەغدا لای حاکمی والی بەغدا (عەلی رەزا پاشا) و چەند برادەرێکی ئینگلیز، داوایان لێدەکات زانیاری پێ بدەن لەسەر محەمەد پاشا بەگی رواندزی، ئایا ڕایان سەبارەت بەو چۆنەو تا چ رادەیەك جددیە لە مەسەلەکە ئاگادارم بکەن. ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت (وود) هەوڵ دەدات قەناعەت دروست بکات، کە دەبێت هەموو کێشە و گرفتەکان بەڕێگەی دبلۆماسی چارەسەر بکرێن. ئینجا (وود) دێتە کوردستان و نامەیەکی لە هەریر نووسیوە، دیارە پەیوەندی لەگەڵ (عەلی پاشا) باشتربووە لەوەی لەگەڵ (محەمەد رەشید پاشا)، چونکە دەڵێت (محەمەد رەشید پاشا) مرۆڤێکی کەللە ڕەق و بەزەبر و زەنگە. ئیتر (وود) لە هەریر هەندێ گەشت دەکات و سەردانی هەندێك شوێن دەکات کە چالاکی عەسکەرییان لێ ئەنجام داوە. لەوێ نامەیەك بۆ (محەمەد پاشا) دەنووسێت.

نامەی یەکەمی لە 20ی نیسانی 1836 نووسیوە، نامەی دووەم لە دهۆك سێ شەممە 28ی حوزەیران، 10ی تەمموز 1836 لە بەغدا، 2ی ئاب دووشەمە، 18ی ئاب، ئەو نامەیەی کە ناردوویەتی بۆ میر محەمەد ژمارەکەی نییە، تەنها نووسیویەتی لە هەریر. نامەی تری هەیە لە 26ی ئاب 1836 لە هەریر، وەلاّمی نامەی میر محەمەد لە ئێوارەی رۆژی 26ی ئاب بە دەستی گەیشتووە، ئێوارەی رۆژی 26ی ئاب هەینی لەسەر شەممە لە هەریرەوە چۆتە رواندز، لەنامەکەش باسی دەکات، دیارە لە رێگا گیروگرفتی سەربازی و تەقە هەبووە، ئەڵێت زۆر بە شانسەوە رزگارم بوو، کە گەیشتۆتە رواندز نامەی دیکەی نووسیوە، بەلاّم ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کە خۆی لە رواندزیش بووە نامەی نووسیوە بۆ سەفیری بەریتانیا، بەیانی رۆژی 3ی ئەیلول میر محەمەد چووە بۆ لای رەشید پاشا، بەداخەوە ئێمەی کورد بایەخمان بەوە نەداوە کە مێژووی خۆمان بە وردی بنووسینەوەو بزانین چی بووە و چی نەبووە!! ئیتر چوونی میر محەمەد لە 3ی ئەیلول بۆ لای رەشید پاشا و بەم شێوەیە بووە. لە نامەیەکی دیکە کە لە رواندز نووسیویەتی بە درێژی باسی دانیشتنەکانی خۆی دەکات لەگەڵ میر محەمەد، کە بە چ شێوەیەك توانیویەتی رازی بکات و قەناعەتی پێ بێنێت تا بچێتە لای رەشید پاشا، چونکە دەڵێت میر محەمەد پاشا زۆر سەرسەخت بووەو نەیویستووە ڕێککەوتن بکات و بچێتە لای رەشید پاشا، لەو نامانە دەردەکەوێت کە چەند هەوڵی داوە هەردوو لایەن بەیەك بگەن و لەدواییدا وا دەرکەوتووە کە ویستویانە میر بە ساختە دەستگیر بکەن، ئەوەبوو لە نامەکەدا رەشید پاشا وەعدی پێداوە و سوێندی بۆ خواردووە کە بێتە لای تەنها یەك سەعات کاری پێیە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك زانای ئایینی و هەروەها ئەفسەرێکی گەورەی خۆی ناردۆتە لای میر و داوای لێکردووە بە دیداری بگات و دڵنیای

کردووە دوای سەعاتێك دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و هیچی لێ ناکەن، تەنها ئامۆژگاری پێویستی دەکرێت کە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە و هەوڵ دەدەن میر نەچێتە ئێران، بەڵام دواتر دەست بەسەری دەکەن و دەیبەن.

دوای ئەوەی میر دەچێتە لای رەشید پاشا (وود) نامەیەك دەنووسێت و دەڵێت (میر داوای لەمن کرد کە لەگەڵی بچم، بەڵام من هەنجەتم گرتوو نەچووم، میر لەگەڵ چەند کەسێك رۆیشت و زۆریش لەوان وازیان لێ هێنا)، باسی ئەوەش دەکات کە خیانەتی لێکراوە و ئەفسەرەکان شەڕیان نەکردووە. تەنها بۆ ئەوەی میر تەنازولات بکات و بگیرێت، کە ئەڕوات بۆ لای رەشید پاشا دەست بەسەر دەکرێ، دواتر باسی ئەوە دەکات کە شەڕ لە نێوان رەشید پاشا و عەلی رەزا دەبێت و بە ناخۆشی لە یەکتر جیادەبنەوە. رەشید پاشا دەیەوێت میر تەسلیمی عەلی رەزا بکات، لە نێوانیان دەبێتە مونافەسەو ئەو مونافەسەیە بە بەڵگە هەیە، رەشید پاشا میری لەگەڵ خۆی بردووە. زۆر لە نووسەران و حوسێن حوزنیش لە مێژووی میرانی سۆران باسی کردووە، کە لە رێگا محەمەد رەشید پاشا دەمرێت. دواتر میر دەچێتە ئەستەنبوڵ و جارێکی دیکە ئینگلیزەکان لەگەڵ ریچارد وود هەوڵیان داوە تا پەیوەندی بکات بە میر، لە ئەستەنبوڵ چۆتە لای وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش، دوای هەندێك زانیاری کردووە لەسەر میر و بارودۆخی ئەوکات، وەزیری دەرەوە لە یەکێك لە نامەکانی داوا دەکا و دەڵێت ئەو زانیاریانەی کە لە میرت وەرگرتووە لەو بروایەدام زانیاری دروستن و پێویستە بایەخیان پێ بدرێت، ئینجا هەوڵیان داوە سوود لەو زانیاریانەی کە کاتی خۆی هێزەکانی قاجاری و روسی دوای ئەوەی هاتوونەتە ناوچەی لاجان و کوردستانی ئێران و نزیك بوونەتەوە لە رواندز، بە ئومێدی ئەوەی ئایا یارمەتی میر بدەن یان ئابلوقەی میر بدەن وەربگرن، چونکە نامەی تر هەیە کەوا هەوڵیان داوە ئەوانیش بەشداری بکەن لەگەڵ تورکەکان بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران.

**بەڵگەنامەی ژمارە «1»**

**نامەی (ریچارد وود)، باوەڕپێکراوی ئینگلیز بۆ میری سۆران میر محەمەد بەگی رواندزی (لە کۆتایی مانگی ئابی 1836) کە لە هەریرەوە ناردوویەتی.**

**وەرگێڕ: فەخری سیلاحشۆڕ**

**لە: ریچارد وود**

**بۆ: محەمەد پاشای رواندزی**

**مەبەست لە ناردنی ئەو نامەیەم بۆتان ئەوەیە، ئاگادارت بکەمەوە کە ئێمە لە قوستەنتینییەوە بۆ ئەو ناوچەیە هاتووین، بە ئەرکێکی گشتی لەلایەن حکومەتی بەریتانیا و باڵیۆز لەلای باب ئەلعالی. دەمانەوێ لەگەڵ کاتدا بگەڕێنەوە ئەوێ.**

**حکومەتی بەریتانیا دەیەوێت پشتی هاوپەیمانی خۆی (سوڵتان) بگرێت لە هەموو ئەو لایەنانەی دەبنە هۆی گەشە پێدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەنێو ئەمانەشدا هەموو دووبەرەکییەکانی ناوخۆیی کە دژبە ئەون (واتە سوڵتان_ وەرگێڕ) و دژی ئیدارە و خواستی خوداوەندن، ئێستا ئێمە خۆمان پێتان دەناسێنین و پێشکەش دەکەین، بڕوامان وایە کە ئارەزووتانە بۆ سوڵتانی ئاغاتان سەر دابنوێنن.**

**بۆ ئەوەی ئارەزووی خۆتان بە باب ئەلعالی نیشان بدەن لە رێگەی پایەبەرز باڵیۆزی بەریتانیا و بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بێنێت، لەوەی کە پایەبەرز هانییان بدات و بمێنێتەوە وەك گەرەنتی بۆ جێ بەجێ کردنی، تۆ و ئاغات (مەبەست سوڵتانی عوسمانییە_وەرگێڕ)ا، نێوانتان لەسەری رێکدەکەون کە رەنگە لەسەر ئاستی هەیەتی پایەبەرزی ئەو بگونجێن (واتە باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ_وەرگێڕ).**

**ئەگەر بێتو ببینی سەردانمان بۆتان هەموار و لەبارە، هەڵبەت ئێمە لە هەموو بارودۆخێك بۆی ئامادەین، بە مەرجی ئەوەی بەڕێزتان فەرمانی رێزلێگرتنمان بدەن بۆ هاتن و گەڕانەوە بە ئەمان و ئاسوودەیی لەو ناوچانەی سەر بە ئێوەن.**



**دیمەنی یەکێك لە شەڕەکانی پاشای گەورە و عوسمانیەکان ...**

**فەخری سیلاحشۆڕ، لە چەند دێڕێکدا**

– لە ساڵی 1945 لە رواندز لە دایکبووە.

– خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە رواندز و خوێندنی ئامادەیی لە شاری موسڵ، لە ساڵی 1968 کۆلێژی پۆلیسی لە بەغدا تەواو کردوە.

–ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆڕشی کورد دەکات و لە ساڵی 1975 دوای پیلانی شوومی جەزائیر ئاوارەی ئێران دەبێت، لە ساڵی 1976 دەچێتە نەمسا، لەوێش لە جموجۆڵ و چالاکی سیاسی و فەرهەنگی دانابڕێت، دەبێت بە ئەندامێکی چالاکی ئەکادیمیای زانست و هونەر، کە بارەگا سەرەکیەکەی لە سوێد دەبێت.

– هەر لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی خولیای نووسینی لە ناخدا رووا وە، سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە، دواتر بابەتی رۆژنامەوانی، بەو پێیەش کە خانەوادەکەی دەچنەوە سەر میر (محەمەدی پاشای گەورە) هەوڵی داوە زیاتر لە بواری مێژوو تایبەتمەندی وەربگرێت، هەر لەم روانگەیەش ساڵی 2004 کتێبی (میری کورد، میر محەمەدی پاشای گەورە)ی لە زمانی ئەڵمانی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، جگە لە پێشەکی، پاشکۆیەکیشی لە بارەی ئەم کتێبەوە نووسیوە.

# تۆپۆگرافیای دەڤەری سۆران

مستەفا جندیانی

تۆپۆگرافیا، لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە شێوازە جیاوازەکانی دیاردە سروشتییەکانی سەر ڕووی زەوی، وەك (چیا، دۆڵ، گرد، دەشتایی). واتە شێوەو قەبارەی بەرز و نزمی پێکهاتووەکانی سەرزەوی لەو دیاردە سروشتییە جۆراوجۆرانەی سەرەوە دەگرێتە خۆ، تۆپۆگرافیا بەهۆی هەندێ فاکتەری هەمەجۆری زەمەن و ئاو و هەواوە کاریگەرییەکی بەهێز و بەتینی لەسەر پێکهاتەی چینەکان و چۆنیەتی پەرەسەندنی توێژاڵ و بەرگی سەرەوەی زەوی هەیە.

شایەنی ئاماژەپێکردنە، کە چیا و دۆڵ و دەشتەکان وەك چەند دیاریدەیەکی جیۆلۆجی لە ئەنجامی پەرەسەندنی گۆڕانی بەردەوام، بە درێژایی چاخە سەهۆڵبەندان و پلاستۆسینیەکان و بە کارتێکردنی گۆڕانی کات و دەوروبەر، بەرەبەرە دروستبوون تا ئەو شێوە سروشتییەیان وەرگرتووە کە ئێستا دەبینرێت.

بۆیە لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە، بەرزی و نزمیی پانتاییە بەرفراوانەکانی گۆی زەوی، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و کاریگەری تەواوی بەسەر هەریەکە لە ڕێژەی دابارین و داخوران (ڕووتانەوە) و ڕادەی لێژی و لاری و ئاوڕێژی خاکدا هەیە.

لەسەردەمی ئێستادا تۆپۆگرافیا لۆژیك و زمانی زانستی نوێیە و ئەرکی ناساندن و بەدیارخستن و لێکۆڵینەوەیە لە دیاردە سروشتییەکانی مۆرفۆلۆژیا، تەنانەت پەیوەندی و کاردانەوەی



بەسەر هەریەکە لە بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕەوشی ڕامیاری کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە شێوەیەك لە شێوەکانەوە هەیە.

**تۆپۆگرافیای سنوری سۆران**

هەرچەندە تاکو ئێستا بەتەواوی سنووری جوگرافی و کارگێری ئەم دەڤەرە نوێیە دیاری نەکراوە، لەم بارەیەوە ڕەنگە کێشەکە هەر لەسەر ناحیەی هەریر سەرهەڵبدات، کە ئایا بخرێتە سەر سۆران یان هەروا وەك خۆی سەر بە هەولێر بمێنێتەوە، دیارە ئەگەر ڕەهەند و فاکتەرە جوگرافی و عەشیرەتی و دووری ڕێگای هاتووچۆ لەبەرچاو بگرین، بێگومان لکاندنی بە سۆرانەوە زۆر باشتر و لەبارترە، بەهەر حاڵ، لەگەڵ ئەمەشدا سنووری پارێزگا پێشنیارکراوەکەی سۆران ئەو پانتاییە بەرفروانە پێك دێنێت کە ڕووبەرەکەی لە (5000) کیلۆمەتر چوارگۆشە زیاترە و بریتییە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختی کەم پێدەشت و لە کۆمەڵە زنجیرە چیایەکی بەرز و درێژی لەباریەك هەڵکەوتوو پێك هاتووە.

هەڵکەوتەی جوگرافی و جیۆلۆجی سۆران وانیشان دەدات، کە تا بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات بچین، واتە لە قەندیلی سەر هێڵی سنووری دەوڵی (هەرێم _ ئێران)ەوە تاکو سێکوچکەی سەر سنووری (هەرێم _ ئێران_ تورکیە) و لە وێشەوە بە درێژایی ئەو هێڵە سنوورییە بەرەو ڕۆژئاوا، چیاکان بەرزترن و شێوەی پێکهاتەکانیشیان ئاڵۆز و سەختتر دەبێت.

هەروەها زۆربەی زنجیرە چیاکانی سنووری دەڤەری سۆران ڕووی ئاراستەکردنیان لە ڕۆژئاواوە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات کەمێك خوار دەبنەوە، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم و دەگمەن نەبێ کە لە هەندێ شوێندا لەو سیستەم و ڕێسایەی سەرەوە دەردەچن.

ئەم جۆرە خەسڵەتە جیۆمۆرفۆلۆژیایانە لە تێکرای بەشەکانی ناوچەکە بەدی دەکرێ، بەڵام لە هەموو ناوچەیەك وەك یەك نیە، بەڵکو بەپێی ڕادەی بەرزی لوتکەکان و لێژی و سەختی ناوچەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازن. بۆیە سەرنج دانێکی کورت لەوەی لەمەوپێش باسکرا، دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە دەکرێت جوگرافیای سنووری دەڤەری سۆران لە ڕووی تۆپۆگرافیەوە بۆ سێ یەکەی جیاواز و سێ ناوچەی شاخاوی سەرەکی دابەش و پۆلین بکەین بەم شێوەی خوارەوە:

_ ناوچەی شاخاوی پێچ ئاڵۆزەکان (سەختەکان).

_ ناوچەی شاخاوی پێچ سادەکان (ساکارەکان).

_ ناوچەی شاخاوی مام ناوەندیەکان (پێدەشتەکان)

هەریەك لەم ناوچە شاخاویانەی سەرەوە، سروشت و خەسڵەتی تایبەتی جۆراوجۆی خۆیان هەیە، کە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە یەکیان جیادەکاتەوە. بۆ نموونە ناوچە شاخاویە پێچ سادەکان



گرنگترین یەکە جوگرافیەکانی سۆران دادەنرێت لە بواری ڕووبەر و ئابوورییەوە، کە پانتاییە بەرفراوانەکەی نزیکەی 60٪ی ڕووبەری دەڤەری سۆران پێک دەهێنێت. هەروەها لە ڕووی داهات و بژێویەوە گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە بایەخێکی ئابووری (ئاژەڵداری، کشتوکاڵی، بازرگانی) گەورە و ستراتیژیشی بۆ سەر هەرێم هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی وێڕای بوونی چەند دەروازەیەکی نێودەوڵەتی و چەند خاڵێکی پەڕینەوەی بازرگانی ترانسیتی لەو ناوچەیەدا، زیاتر لە 30٪ی کوێستانەکانی هەرێم کەوتونەتەوە ئەم ناوچەیە. ئەمەش بایەخی ناوچەکەی لە بواری گەشتوگوزاردا ئەوەندەی تر ستراتیژیتر کردووە، بەهۆی بوونی زیاتر لە (30) هەواری گەشت و گوزاری جۆراوجۆر.

کەوتونەتە بەری ڕۆژئاوا و باشوورەکەی و زیاتر لە لای سنووری ناوخۆی هەرێم هەڵکەوتوون، واتە لە سنووری کارگێڕی بەیەک گەیشتنی سۆران لەگەڵ هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، ئاکرێ، هەولێر تەنانەت لە هەندێ شوێنی پارێزگا پێشنیارکراوەکەی بتوێنیش) هاوبەشی دەکەن. چیاکانی ئەم ناوچەیە پێچەکانیان زیاتر سادە و ساکارن، لوتکەکانیشیان کەمتر بەرز و ڕکن، بەجۆرێک لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم دەڤەرە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی بە سەریاندا زاڵبێت، هەروەها لەبەر مامناوەندی بوونی تێکڕایی فاکتەرەکانی ئاو و هەوا لەم ناوچەیەدا، زیاتر لە ناوچەکانیتر بۆ کاری کشتوکاڵی سوودیان لێوەردەگیرێت.

هەرێمی ناوچە شاخاویە پێچ ئاڵۆزەکان کە هەندێ ناوچەی چیا بەرزەکانیشی پێدەگوترێت، چیاکانی تا بڵێی بەرز و دژوارن، پێچەکانیان زۆر ڕک و ئاڵۆز و خشۆکن، کاریگەری ئاوهەوا تەواو بەسەریاندا زاڵە، بەرادەیەک کار لە ڕاماڵین و ڕووتانی برێکی زۆری ڕووپۆشی خاکەکەی دەکات، کە ساڵانە بە سەدان تەن مەزەنەدە دەکرێت.

هەروەها لە هەندێ شوێنی ئەم ناوچەیەدا، هۆکارەکانی با و باران و ڕنووە بەفرییەکان کاردانەوەی سلبیی وایان لە چیا هەرە بەرزەکان دەبێت، بەجۆرێک، کە هەمیشە چینەکانی سەرەوەی لێوارەکان تەنک یا دووچاری ڕووتاندنەوەی کردووە.

سنووری جوگرافی ناوچەی چیا بەرزەکانی دەڤەری سۆران لە باکووری چیای قەندیلەوە دەست پێدەکات، بە بازنەیەکی شێوە نیوکەوانەیی بە چیاکانی سەکران، کوڕۆ، هەڵگورد، شەکیف، بۆتین و چارچەلی ناوچەی بارزان تێدەپەڕێت. واتە کەوتۆتە ئەوپەڕی باکوور لە سنووری دەرەوەیی، یا سنووری دەوڵی هەرێم (سۆران _ ئێران) تا ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوا لەسەر سنووری هەرێم (سۆران _ تورکیە).

بە شێوەیەکی گشتی چیابەرزەکان لە دەوروبەری ناوچەی سێ کوچکەی سنووری نێودەوڵەتی (هەرێم _ ئێران _ تورکیە) گرد بوونەتەوە. ڕووبەری ئەم ناوچە شاخاوییە بە گەورەترین و

بەڵام ناوچەی دووەم، ناوچە شاخاویە پێچ سادەکان، بە پێچەوانەی ناوچەی یەکەم، کە کەوتۆتە ئەوپەڕی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، زیاتر بە لای سنووری ناوخۆی هەرێم هەڵکەوتوون، واتە کەوتوونەتە نێوان سنووری ناوەخۆی هەرێم (سنووری کارگێڕی بەیەکگەیشتنی پارێزگاکانی هەرێم) کە ئەم ناوچە شاخاویەی سۆران لەگەڵ هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، بتوێن) سنووری هاوبەش پێک دێنێت. لە خەسڵەتە تۆپۆگرافیاکانی چیاکانی ئەم ناوە، پێچەکان سادە و ساکارن و، لوتکەکانیشیان کەمتر بەرز و دژوار(ڕک)ن، بەجۆرێک لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم ناوچەیەدا مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێت. لەبەر گونجاوی و مام ناوەندی بوونی تێکڕای فاکتەرەکانی ئاوهەوا و پلەی گەرما لەم ناوچەیەدا، زیاتر بۆ کشتوکاڵی و ئاوەدانی (نیشتەجێبوون) کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

بەڵام هەرچی شوێنی ناوچە پێدەشت و تەختاییەکانە، کە بەشێوەیەکی زۆر کەم و دەگمەن لە دەڤەری سۆران بەرچاودەکەون، بە زۆری لە خوار ناوچەی دووەم هەندێ جاریش لە دامێن چیا بەرزەکان و دۆڵ و لێوارەکانیان بەشێوە پانتاییەکی زۆر بچوک و بەرتەسک بەدەردەکەون، وەک دەشتی هەریر و دەشتی دیانا و دەشتی بەرازگر و هیتر. لە ڕاستیدا ناکرێت لە هەموو بارێکدا بەو پانتاییە سنوور دیاری کراو و بەرتەسکانە بگوترێ دەشت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بێجگە لەو چەند دەشتانەی سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، کۆمەڵێک بان و تەختایی تر بە شێوەیەکی چوکتر لەو ناوچەیەدا هەن، وەک پێدەشتە بچوکەکان (هێرتی، بلێ، خلیفان، منجەل، شکەنێ، سیدەکان، ڕایات، ئالانە، گۆڕەتوو، و چەندین بان و پانتایی تری بچکۆلانە).

شایەنی باسیشە کە هەرچی ڕێژەی چڕی دانیشتوان و کاری کشتوکاڵ و جموجۆڵی ئابووری و بازرگانی لە سۆران هەیە بە پلە یەک لەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوە.

**پۆلین کردنی تۆپۆگرافیانەی چیاکانی سۆران**



بۆئەوی زیاتر بچینە ناخی باسەکەوە و لایەنێکی هەرە دیاری شێوەکانی تۆپۆگرافیای ناوچەی شاخاوی سۆران ڕوون بکەینەوە، وا لێرەدا دەتوانین چیاکانی سنووری دەڤەری سۆران بەپێی بەرزی و نزمی لوتکەکانیان لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە، بۆ چەند یەکەو بەشێکی جوگرافی سەرەکی پۆلێن بکەین و بە کورتی لەهەر بەشەو چەند دانەیەك بە نموونە دێنینەوە:

***یەکەم _ چیا هەرە بەرزەکان:*** ئەو چیایانەن کە بەرزیان لە نێوان (3000_3650)م دایە وەك: هەڵگورد 3607م، سیاکۆ 3578م، سەکران 3457م، قەندیل 3452م، مەداو 3360م، دۆڵەمەڕ 3399م، بەردەڕەش 3359م، مەموور 3254م، هەوارەجو 3068م، شاکێف 3068م،.....

***دووەم _ چیا بەرزەکان:*** واتە ئەو چیایانەی کە بەرزیان لە نێوان (3000_ 2500) مەتر دایە وەك: کۆدۆ 2959م، حەسارڕۆست 2935م، گردەشینك 2853م، پیرۆمەر 2846م، مێرگەمیر 2835م، گۆڕەدێر 2808م، کونەکۆتر 2692م، سەرخەزنە 2736م، سەرمەیدان 2608م، هەندرێن 2598م، تی کانگان 2588م، کارۆخ 2560م، گردەمەند 2515م، حەسەن بەگ 2521م، سەری سول 2505م، بۆتین 2479م، دۆلەمەیدان 2866م،...

سێەم _ چیا ناوەنجیەکان::. ئەو چیایانەی کە بەرزیان لە نێوان (2000_2500)م دایە وەك: سکوت 2482م، گردگۆ 2435م، شیرین 2379م، بارۆش 2378م، گۆشینە 2359م، خاڵەڕەش 2316م، گۆمی ژیر 2282م، چیامەنداو 2244م، بەردەبوك 2233م، گەلاڵە 2216م، زرنەکۆ 2136م، بێجان 2171م، کوڕەك 2127م، بەرواری بالاّ 2097م، برادۆست 2076م، کێلەشین 2180 م،...

چوارەم _ چیا نزمەکان: ئەو چیایانەی کە بەرزیان لە نێوان (1500_2000)م دایە وەك::.

ڕەبەنۆك 1953م، سەری کێلی 1934م، مامەڕوت 1930م، سەری بناوان 1900م، تاتان 1840م، زۆزك 1861م، سەری بەندان 1800م، بستیّ 1788م، حاجی ئۆمەران 1780م، کانی کفر 1635م، سەری بەردی 1826م، پێرس 1644م، تیخی کۆل 1605م، دڕەبی 1536م، ڕوەڵە(پاشکۆران) 1501م،....

پێنجەم _ چیا هەرەنزمەکان: ئەوانەی بەرزیان لە نێوان (1000_1500)م دایە وەك:

ڕوەڵە 1498م، بنشار 1431م، سیرین 1298م، پیرۆزوشەمام 1291م، تەلان 1175م، شیوان 1112م،....

شەشەم _ گردۆڵکە و گەرووەکان: ئەمانە لەگەڵ بان و پێدەشت و تەختاییەکان لە دەرفەتێکی تردا بە درێژی لە بارەیانەوە دەدوێین، بە شێوەیەکی گشتی بەپێی ئامارێك کە لەبەر دەستی نووسەری ئەم باسە دایە، ژمارەی چیاکانی سنووری دەڤەری سۆران بە تایبەتی ئەوانەی بەرزیان لە نێوان (1000_3067)م دایە خۆیان لە (250) چیای جۆراوجۆر تێپەڕ کردووە. بەلاّم بەداخەوە تاکو ئێستا دیراسە و لێکۆڵینەوەی زانستی و مەیدانی ئەوتۆی لێنەکراوە شایەنی باسکردن بێت، بەڵکو بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ باسیان لێوەکراوە، بۆیە ئومێد دەکەین لە ئایندەدا، جیۆلۆژی ناسان و پسپۆرانی زانکۆکان بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە هەموو ڕووێکی ئەم چیا بەرز و سەرکەشانەی کوردستان بکۆڵنەوە، بەو هیوایەی ئاسۆیەکی گەش بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان و دۆزینەوەی دەیان و سەدان نهێنی ئەو چیایانەی کوردستان.

**سەرچاوەکان:**


- جوگرافیای کوردستان، د.عبدوڵڵا غەفور، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2000.
- جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارەیەك لێکۆڵێنەر، کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە (3)، هەولێر، 1999.
- بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، خەبات عەبدوڵلاّ، سلیمانی، 2001.
- العصر الجليدى البلاستوسينى فى كوردستان للبروفيسور ە.أ.رايت ترجمة فؤاد حمة خورشيد، بغداد، 1986.
- اطلص الموار الطبيعية للمحافظة اربيل، رسالة الماجستر لطالب هيشام...،الحداد2000.
- چەند نەخشەیەکی سەربازی عێراقی ناوچەی باڵەکایەتی و برادۆست و بارزان و ڕواندز بە چەند پێوەرێکی جیاجیا.
- چەند گەشتێکی مەیدانی بۆ شوێنی لێکۆلینەوەکە و دەوروبەری لە نێوان سالاّنی 2000_1998.

## ڕێبوار ڕەشید:

# کۆمەڵگای نەخۆش، کەسایەتی لاواز بەرهەم دێنێ



مرۆڤێک لە روخسار و ئاخاوتندا لێوڕێژ لە هێمنی.. لە ڕەفتار و جوڵەدا پڕاوپڕ لە ناسکی.. کائینێکی تا ئەوپەڕ سادە و خاکی.. کەسێك کە لە تەکیدا دەکەویتە گفتوگۆ هەروا ئاسان نییە دەستبەرداری قسەکردن بیت لەگەڵیدا.. ئەو کوڕی خێزانێکی کوردپەروەری گەڕەکی (خاسە)ی شاری کەرکوکە، بەهۆی بەشداری چالاکانەی باوکی لە شۆڕشی ئەیلولدا ناچار روودەکەنە سلێمانی و لەوێ دەگیرسێنەوە، ئیدی ئەمیش لەوێ لەدایك دەبێت و گەورە دەبێت و هەر لەژێر کاریگەری باوکی بە پەروەردەیەکی سیاسییانەی تەندروست و گیانێکی کوردستانییانە گۆش دەکرێ، بۆیە هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە و بەو گیانی کوردبوونەوە دێتە نێوکاری سیاسی.. تەمەنی 18 ساڵان دەبێت قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات و ساڵی 1980 دەچێتە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە تەمەن و ئەزموونی کورتی سیاسی خۆیدا ئێش و ئازاری زیندانەکانی ئەمن دەچێژێ، لە بەهاری تەمەنیەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت.. وەکو زۆرێك لە هاوتەمەن و گەنجە هاوبیرەکانی، شەڕی براکوژی و ئەزموونە تاڵەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد بێزاری دەکەن، تا دواجار لە کۆتایی ساڵی (1980) هەگبەی یادەوەرییەکانی منالی و خەونە ئەرخەوانیەکانی دەپێچێتەوە و دوای ئاوڕێکی پڕ حەسرەت لە زامەکانی نیشتمان، ماڵئاوایی دەکات و روودەکاتە هەندەران.. دیارە لەوێش لە کار و چالاکی سیاسی جەماوەری و رووناکبیری لە پێناو پشتگیری و سەرخستنی دۆزی رەوای نەتەوەیی کورد بەردەوام دەبێت، ئێستا لە سوێد نیشتەجێیە و خێزانێکی خنجیلانەی پێکەوە ناوەو دوو کوڕی هەیە، وەك خۆیشی دەڵێ:"هاوڕێ بینین و هاودەمی هاوڕێیەتی یەکێکە لە خۆشترین لایەنەکانی ژیان"، ئەو مرۆڤەش (ڕێبوار رەشید)ی نووسەر و رووناکبیرە.

بێگومان (ڕێبوار) ناوێکی ئاشنای نێو بزاوتی رووناکبیری کوردیە ، دەمێکە سەرقاڵی نووسین و لێکۆلینەوەو وەرگێڕانە لە بواری سیاسی و ئەدەبی و فیکری و خاوەنی چەندین پەرتوکی چاپ کراوە ، لە دەرفەتێکدا دواندمان و بەرهەمەکەیشی ئەوەیە ، کە لە بەر دەستی خوێنەر دایە ..

نوری بێخاڵی

***خونچەکانی نووسین کەی و چۆن لای ڕێبوار چرۆیان کرد و شکۆفەیان کرد ؟**

– لە راستی دا دەتوانم بڵێم لە تەمەنی (11) ساڵیەوە دەستم کرد بە کڕینی کتێبی شاعیرە کلاسیکیەکان و خوێندنەوەیان ، لە تەمەنی چواردە و بەرەو ژوورتر دەستم دایە خوێندنەوەی رۆمان و شاکارە روسیەکان کە بە زمانی عەرەبی بوون ، بە تایبەتی بەرهەمەکانی ( دیستۆفیسکی و گۆگۆڵ و گۆرکی )، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەو دەمانە لە ژێر کاریگەری بیری چەپ دابووین و پێمان وابوو خوێندنەوەی ئەم شتانە گرنگ بوون . پاشانیش هەر لەو تەمەنەدا وەك هەر گەنجێك دووچاری جۆرێك لە خۆشەویستی ئەفلاتونی بووین و بۆ دڵدارێکی هەبوو یان نەبوو شیعرم نووسی ، نەك بە مانای شیعر ، بەڵکو بە مانای ریزکردنی رستێك وشەی ئەدەبی بۆ ئەوەی واتایەك بدەن و لە ڕێگایانەوە هەست و سۆزمان دەربڕین .

***هەموو ئەزموونەکانی نووسین لە نێو ئێمەدا بە شیعر دەست پێ دەکەن، دوا جار زۆربە ئالأی خۆبەدەستەوەدان بەرز دەکەنەوە و باوەش بە کایەیەکی تردا دەکەن .. لە ئێستادا ڕێبوار چەندە دۆستایەتی لە گەڵ شیعر و ئەدەبیاتدا ماوە ؟**

– هەڵبەت دەمەوێت راستییەکت بۆ باس بکەم ، من لە دوو وڵاتی جیاوازدا ژیاوم ، لە سویدو کەنەدا ، جگە لەوەی زۆر وڵاتی دیکە گەڕاوم و لە گەڵ گەنجانی ئەو شوێنانە لەم بارەیەوە قسەم کردووە ، بە رای من زۆربەی گەنجی دونیا، نەك هەر کوردستان بە شیعر دەست پێ دەکەن، چونکە شیعر بابەتێکی ناسکە و جۆرێك لە ریتم و ئاوازی تیایە و جۆرێك لە یاری کردن و ڕێکخستن و خۆماندووکردنی گەرەکە، دوای ئەوەش وەك نووسینێکی سیاسی لە سەر مرۆڤ ناکەوێت، بۆیە زۆرینەی گەنج لەوێوە دەست پێ دەکەن. دیارە من زوو جیهانی شیعرم بە جێ هێشت، بەڵام هەرگیز لە ئەدەبدا دانەبڕاوم، من لە ئەوروپاش هەمیشە خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبی شیرینم، بگرە زۆریشم خوێندۆتەوە و بەردەوامم لە سەری، بۆ نموونە دوا کتێب کە بەم دواییانە خوێندمەوە کتێبی نووسەری سویدی بەناوبانگ ( کرینی کریست )ە، کە بە ناوی ( خاکی بێ خاوەن) بوو، کە کتێبێکی زۆر سەرنج راکێشە، بە کورتی دەمەوێت بڵێم لە جیهانی ئەدەب دانەبڕاوم.

*** دەکرێت باس لە چەند وێستگە و بیرەوەریەکت بکەیت لە نیشتمان، واتە بەر لەوەی رووبکەیتە هەندەران ؟**



ڕێبوار ڕەشید... نوری بێخاڵی

بێگومان، من دوای ساڵی هەشتا کوردستانم بە جێ هێشت، ئەو دەمە بزاڤی سیاسی کوردی لە ئاستێکی زۆر خراپ دا بوو، چەند ساڵێك بوو کارەسات بە سەر شۆڕشی کورد هاتبوو و دەوڵەتی ئێراق بە ئاگرو ئاسن دەستی بە سەر کوردستان دا کێشا بوو، ئەو کاتە لە سلێمانی دەژیام و لە راستیدا لە ژێر کاریگەری شتێك دابووین بە ناوی کۆمەڵەی رەنجدەران، واتا وەکو تویژی گەنج کارتێکراوی ئەو هەلومەرجە بووین، ئیدی لەژێر کاریگەری بیری چەپدا شتمان لە سەر دیوارەکان دەنووسی و دروشمی کوردایەتیمان هەڵدەدا، بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە سیاسییە بەشی ئەوەی نەدەکرد بە شێوەیەکی باش ئەو هەموو هێزی گەنجە کۆ بکاتەوە بەداخەوە .. ئەو دەم شەڕی ئێراق – ئێران دەستی پێکرد، فشار لە هەموو لایەکەوە بۆمان هات، ئیتر زوڵمی داگیرکاری و سەربازی هۆکارێك بوون کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەین و ببینە پێشمەرگە، یان بۆ هەندەران سەر هەڵگرین،من بۆ خۆم یەکێك بووم دوای ماوەیەکی کەم بوومە پێشمەرگە و پاشان دووچاری زیندان بووم و دوای ئازاد بوونیشم ئیدی ڕێگای ئەوروپام گرتە بەر و ئەوە نزیك بە (25) ساڵە لە دەرەوەم، دیارە هۆکاری زۆر هەن کە وای کرد من و چەندانی تریش بکەوینە ژێر باڵی ئەم سەرهەڵگرتنەمان، کە رەنگە ئێرە جێگای باس کردنیان نەبێت، بە تایبەتی پەتاکانی نێو بزووتنەوەی سیاسی لەو کاتەدا. ئەو کاتانەی نیشتمان بێگومان پڕن لە یادەوەری تاڵ و شیرین، بە تایبەتی بۆ منێك کە بیرەوەرییەکانی مناڵی و خەونەکانی گەنجێتیم تیا بە جێ هێشت .. ئەمێستاش ئەو چرکە ساتانەم وەك فیلم بە بەرچاو دا رەت دەبن ..

***ئەی هەندەران و ئەو دابڕانە ؟**

– بەڵێ، دیارە ئەویش ئەزموون و قۆناغێکی ترە لە ژیانی من، کە لەگەڵ خۆمدا کۆی ناسۆر و خەم و خەونەکانی رۆژانی وڵات هاوڕێم بوون.. ئەویش تا ماوەیەکی ئێجگار دوور بۆ من ئەزموونی پڕ لە سەختی و ساتەوەختی خۆش و ناخۆش، تاڵ و شیرین بوون. دوورە وڵاتی هەستێکی زۆر ئاڵۆز و ناخۆشە، هەروا بەئاسانی دەرنابڕدرێ، مەگەر تەنها لەنامە گۆڕینەوەکەی (نالی و سالم)دا هەستێکی وا ببینری، کە من لە پێشەکی رۆمانی (لە تارمایی هەڵەبجە)دا ئاماژەم بۆ کردووە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین، کە لە ئەوروپا مرۆڤ دەتوانێ فێری زۆر شت بێت.. ئەوروپا دەروازەیەکە بۆ هەل و دەرفەت، بە تایبەتی بۆ گەنجی کورد کە نەیتوانیوە ئەو هەلانە لە خەونیشدا ببینێ.. بەرای من ئەگەر گەنجی کورد ئەوەندە هوشیاری هەبێت، کە بتوانێ سوود لەم هەلانە وەربگرێ و لەبری رووخان و داڕمان بتوانێ خۆی دروست بکات و بەرەو پێشەوە بڕوا، هەلی زێڕینن.. بەش بەحاڵی خۆم بە شانازیەوە دەڵێم بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی کە هەمیشە لە تاراوگە و ئاوارەیشدا قاچێکم لە کوردستان و ئەوەی ترم لە ئەوروپا بووە.. بەردەوام مێشك و خەیاڵ و بیرکردنەوە و هەنگاوەکانم بەسەر ئەو دوو جوگرافیایە دابەشبوون، چالاکی و کارەکانم لەبوارە سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیرییەکان بەڵگەی ئەوەن.

***بۆچی تۆ و زۆر لەوانەش کە لە ژێر فشاری زۆردا بە هەگبەیەك یادەوەری سیاسی بریندار وڵاتتان جێهێشت، ئێستا دەتانەوێ ئەو حیکایەتانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کارەکانتان تەوزیف بکەنەوە، وەك پێشتریش کەم تا زۆر ئەنجامتان داوە؟**

_ دروستە، چونکە من پێم وایە پرسی مەنفا و ئاوارەیی وەکو باوەشی ژنێك وایە، کە باوەشێکی گەرم و میهرەبانە، بەڵام هەرگیز لە باوەشی دایك ناچێت، ئەو باوەشە گەرم و میهرەبانەی ژنێك بیدا بە مناڵێك کە دایکی خۆی نەبێت، شتێکی دەخاتەوە یاد، ئەویش چێژ و خۆشی و گەرمی ئەو باوەشەیە کە نیەتی.. ئەوروپا دروست ئەوە دێنێتەوە یادی مرۆڤێکی ئاوارە، کە جوگرافیایەکە راستە دڵنیایی و کار و ژیانی تێدایە و دەتوانی خۆتی تیا دروست بکەیت، بەڵام جوگرافیایەکە هەمیشە لە سێبەری ئەودا جوگرافیایەکی کۆڵۆنی و داگیرکراو کە هیچ دەرفەتی پێشکەوتن و هەناسەی تێدانیە دەبینێتەوە، کە ئەویش وڵاتی خۆتە. لەوێوە خود ئاگاییەك دروست دەبێت، خود ئاگایی ئەوەی کە هەمیشە برینداری، بەردەوام برینداری بوونی شتێکی کە هەتبێت، بەڵام بۆت نییە هەتبێت، لەوەی دونیایەك خەون بە دروستکردنیەوە دەبینی، بەڵام نایەڵن دروستی بکەیت.. کە دێنە سەر ئەو شتانەی پەیوەستن بە داگیرکاری مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی تێیان بگات، وەکو پرسی خۆشەویستی وایە، کە رەقیبێکت هەبێت، تێدەگەیت کە ئەوە رەقیبی تۆیە و نایەوێ و پێی خۆش نییە بگەیتە خۆشەویستەکەت، بەڵام پرسی سیاسەتی کوردی، یان سەرکردایەتی کوردی، کە رۆژێك لە رۆژان نەیانتوانیوە سود لە ئیرادەی خەڵك و هێزی شۆڕش وەربگرن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە، ئەو ئازارە بەلاتەوە زۆر گەورەترە، هەست دەکەیت کە ئەو دەستەی رێگا لەتۆ دەگرێ، دەستێکی خۆماڵییە، لە کاتێکدا نابێ وا بکات، ئەوەیە وا دەکات زیاتر ئازار بخۆیت و هەست بە برینداری جەستەی خۆت بکەیت، بەڵام لە خودی ئاوارەییا فێری خودی جۆرێك لە تەکنیکی گێڕانەوە دەبیت، کە دەڵێم تەکنیکی گێڕانەوە مەبەستم تەکنیکی چیرۆکی نییە، بەڵکو بە مانای تەکنیکێکی سیاسی لەوەی چۆن گوزارە لە خۆت و ئەوەی زیانت تێدا پێگەیشتوە بکەیت. بۆ نموونە زۆرجار گوێ لە خەڵکی کورد دەگرم، کە لە وەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێریدا باس لە ژیانی خۆیان دەکەن، زۆر بە پەلە و



هەناسە سوارن لە وەڵام و باسکردندا، هەر زوو باس لە ترسی کوشت و بڕ دەکەن، نایێن ورد و هێمن و لەسەرخۆ دیمەنەکان وردتربکەنەوە و لە ڕێگەیانەوە باس لەو زیان و دەرکەوتە و ڕەنگدانەوە ترسناکانەی سیاسەتی داگیرکەران بکەن لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوری.. واتە نایێن باس لەوەبکەن چەند جار کورد خواردنی لەسەر ئاگر بەجێهێشتووە و بەسەعات و ڕۆژ و هەفتە منالی بێشکەی داوە بە کۆڵدا و رایکردووە..هتد. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە هاوڵاتییەکی داگیرکراو ڕێگەی پێنادرێ بە شێوەیەك مێشکی بخاتە کار، کە بە هێوری گوزارە لە ژیانی خۆی بکات. جا ئەگەر ئەمە بۆ ئەزموونەکانی ئێمە لەگەڵ دوژمنەکانمان و داگیرکەرانی کوردستان و سیاسەتەکانیان راستیەکی قورس بێت، دەبێ بۆ سروشتی ترس و بیمی هەموو ئەو ئەزموونە تاڵ و سوێرانەی نێو خۆمان چۆن بێت، کە بەرهەمی هەڵە و خەوشی نێو بزووتنەوەی سیاسی خودی کوردی خۆیانن؟ دەبێ چۆن بکرێ ئەو لەحزە و دیمەن و وێستگانە هەروا بە ئاسانی وەلانێین و پەراوێزیان بکەین؟

***ڕێبوار لە ئەمڕۆ و دوێنێیدا و لەناو خودی ئەزموون و قۆناغی تاراوگەدا تیایدا هەست بە هەڵکشان و داکشانی گوزارشتکردنی دەکرێ لە گێڕانەوە و تەوزیفکردنی حیکایەتەکانی ئەو مێژووە برینداره، ئەویش لە میانی خودی نووسینەکانی خۆیدا. بە تایبەتی لە نێوان کتێبی (پڕۆژە) و خوێندنەوەکانی ئەم دواییانەی، ئاخۆ ئەم گۆڕانانە چەندە پەیوەندی بە گۆڕینی شوێنکاتەکانەوە هەیە؟**

_ بەڕای من ئەمە زیاتر دەکەوێتە سەر تاکەکەس خۆی، تۆ سەیرکە ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر خوێندگایەکی میتافیزیکی هەبێت، دەتوانێ بڵێ ئێمە خەڵکێکین خوا غەزەبی لێگرتووین، هەڵبەتە لەبەرئەوەی میتافیزیکیانە بیرناکەمەوە بۆیە واناڵێم، بەڵام بەراستی ئێمە لە ناوچەیەکەوە هاتووین کە ناوچەیەکە بە درێژایی مێژوو خوێنی مرۆڤی لێ دەتکێ.. ناوچەیەکە لە گورگستان دەکات و شوێنی خەڵکی داهێنەری تیادا نابێتەوە و دەسەڵاتدار تیایدا هەمیشە و بەردەوام خواردوویەتی و بردوویەتی و داگیری کردووە، هاوکات لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوروپا ئەم جۆرە لە هیومانیزمە، یان ئەو جۆرە لە مرۆڤایەتیەی کە هەیە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیری خۆرئاوایی، بە گشتی لە هەموو جۆرەکانی (نیزم)دا ڕەگەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا، کە ئەویش هەندێ بناغەی خۆی لەسەر ئایینی کریستیان هەیە. بەهەر حاڵ من پێم وایە بە سود وەرگرتن لە بەرهەم و دەرهاویشتەکانی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری، مرۆڤی ئەوروپی توانیویەتی شتێك بۆ خۆی دروست بکات کە دەتوانێ تیایدا بژی، ئێمە تا ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەمانتوانیوە کاری لەم چەشنە بکەین، لەبەرئەوە بێگومان ڕۆیشتنی کەسێك لە جوگرافیا و ژینگەیەکی وەك خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەم پێکهات و بونیاد و بیرکردنەوەیەی بۆ جیهانێکی تر، کە بەردەوام بەم ڕەنگە لە بەهەشت بچێت گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لەو کەسەدا دروست دەکات.. لەوێدا کۆمەڵێك پێکدادان لەبەردەم ئەو کەسە دروست دەبن، کە بۆ تاکەکە هەروا سادە و ئاسان نییە هەم تیای بژی و هەم خۆی تێدا دەرباز بکا و بیپارێزێ، بە بۆچوونی من ئەو گواستنەوەیە جۆرێك لە زیرەکی ئەکرۆباتی دەوێ بۆ ئەوەی خۆتی تیا رزگارکەیت ئەو کاتە فێربیت. زۆر کەس هەیە بەداخەوە دەدۆڕێن، یان ناتوانن سەرکەون، بەڵام تاکەکەس هەن لە کوردا توانیویانە لەو تاقیکردنەوەیەدا تا ئاستێکی زۆر زۆر باش سەرکەون و سودی لێوەرگرن.. بۆیە دەڵێم ڕەنگە خودی ئەو هەڵکشان و داکشان و گۆڕانەی باسی دەکەیت، بۆ گۆڕان لە سیستەمی بیرکردنەوە و ئاستی گوتار و دواندن بگەڕێتەوە، کە شوێنکات و هەلومەرج و ژینگەی جیاواز کارتێکەرن بەسەریدا.

***لەتەك ئەزموونی ڕۆمان نووسین و کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی، وەکو تر هەستدەکرێ تەوەری کارکردنی تۆ لە ئاستی نووسین و وەرگێڕان بواری ناسیونالیستی یە، بەراورد بە خەونی کەسێکی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی و سروشتی سیستەمی کۆلۆنیالی و شێوازی خەبات، لەگەڵ پێدراوەکانی نەتەوەیی سەردەم لە ژینگەی خۆرئاوا، چۆن دەڕوانیتە ئەم پرسە؟**

– من ناهەق نیم کە خەم بۆ ئەم پرسە دەخۆم، خۆم کوڕی باوکێکم کە خاوەن دونیابینیەکی کوردستانی بوو، ساڵەهایەك لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردبوو، زیندانی دیبوو، خۆیشم دوور لە کەرکوك و لە ژێر فشاری سیاسەتی ڕاوەدونان و ڕاگواستن و بێ دەستی خۆم لە سلێمانی لەدایکبووم، خودی پێگەیشتنیشم لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی کوردستانی بوو، وەك مێژوو و خوێندنەوەش بۆم دەرکەوت کە کورد نەتەوەیەکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە خاوەنی دیرۆکی خۆیەتی و قوربانی سیاسەتەکانی چاوتێبڕین بووە، عەرەب بە هۆی داگیرکاری ئیسلامەوە هاتوونەتە کوردستان، تورکەکان نزیکەی (850) ساڵێکە هاتوونەتە ناوچەکە، فارس بەشێوەیەکی تر دەستدرێژی کردۆتە سەرمان، بەشێوەیەکی گشتی کورد نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە و هۆکارەکانیش زۆرن، کە ڕێگربوونە لەوەی کورد نەگاتە ئامانجەکانی خۆی و وەك هەر گەلێکی تر ئازاد و سەربەخۆ بژی، هۆکار گەلێك کە مرۆڤ دەکارێ زۆر قسە لەبارەیانەوە بکات، ڕەنگە هۆکارێکیان سروشتی بێت، کوردستان پڕ شاخ و کێوە و ڕێگاکانی سەخت و دژوارن، کە پرۆسەی پەیوەندیکردن و یەکگرتنەوەی قورسکردووە، هەر کەسە و لە بناری شاخێکا گوند و ئاواییەکی پێکهێناوە و هەر لەوێشدا ژیاوە و ژن و ژنخوازی کردووە و تیایدا مردووە و گۆڕستانی هەبووە، تەنانەت دیالێکتیشی بۆخۆی داناوە، ئیدی هۆکار زۆرن و لەوانەیە هەمووی پەیوەست نەبن بە دوژمن و سەرسەختیەکانیەوە. بەڵام بەهەر حاڵ زەنگینی و دەوڵەمەندی کوردستان وایکرد، کە دەوڵەتانی داگیرکەر و سەردەست هەست بە خۆشیەك بکەن، کە ئەمە نەتەوەیەکە و لەژێردەستیاندایە و سامانێکی زۆری هەیە و دەتوانین بە ئاسانی لێی بخۆین و بیکوژین. شەڕی

ساردیش سودێکی زۆری لە رووی سیاسەتی جیهانیەوە بەوان گەیاند، لەبەرئەوە هەمیشە وەك کەسێکی ناسیونالیستی ئازادیخواز هەستم بەوەکردووە، کە لە ژێر چ هەڕەشە و مەترسیەکی گەورەی لەناوبردن و تواندنەوە داین، هاوکات پێم وابووە کە سەرکردایەتی کورد ئەگەرچی بە ئەنقەستیش نەبووە، بەلاّم لە نائاگاییەکی خراپەوە، هەست نەکردن بە لێپرسینەوە، بەوەی کە یەکبونێك هەبێت و پلورالیزمی سیاسی هەبێت، وایانکرد کە خەباتی ناسیونالیستی کورد بۆ ئازادی کاتێکی زۆر زیاتر ببات، وەك لەوەی کە دەبوایە بیبردایە. من پێم وایە ئێمە بە کۆمەڵێ کارەسات و ئازاردا رۆیشتووین، کە دەتوانرا نەبێ و روونەدەن، بەلاّم ئیدی روویانداو بەهەر حالّ بە خۆشحالّییەوە ئێستا لە پرۆسەیەکی دیکە داین، هەلّبەت بە حوکمی کۆمەڵێ هۆکارەوە کە زۆربەیان دەرەکین، رەنگە بەهۆی شەڕێکی ئیمپریالیستی بێت لە نێوان ولاّتێکی زلّهێز و ولاّتێکی تری کۆنەپەرستیدا، کە کورد لەوێدا وەکو تەماشەکەرێك پێی خۆشە و بلّێ فەرموو کێ دەیباتەوە بابیباتەوە..

هەر چۆنێك و هۆکارەکان هەرچیەك بن باوەڕمەندم، کە خەباتی ئازادیخوازی کورد وردە وردە جێگای خۆی دەگرێت و دەردەکەوێ، کە تێکۆشانێکی مرۆیی ئازادیخوازانەیە، لەوێدا ئەوەش دەردەکەوێ کە مرۆڤی کوردیش کەسێکی مرۆڤ دۆست و ژیان ویست و ئازادیخوازە، دیارە خودی ئەو هەستەی تاکی کوردیش دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی بە دەستدرێژی و فراوانخوازیەوە نییە، بەلّکو پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و شارستانیەتە، نەتەوەیەکە مافی خۆیەتی دەولّەتێکی نەتەوەیی هەبێت، بۆیەش کەسێك لە ئەوروپا کە بەم ئەزموونانەدا رەت بووە و تێدەگا ولاّتانی وەك (فەڕەنسا، ئەلّمانیا، ئیتالیا..هتد) چۆن دروست بووە، لە خواستی ئێمە و بیرکردنەوەی ناسیونالیستانەی ئێمە دەگات، بۆیە بە دلّنیاییەوە ئەوەی کە من و تۆ و ئەوانیتری کورد بیری لێدەکەینەوە و کاری بۆ دەکەین شتێکی راست و دروستە و تەنانەت هیچ دژایەتی لەگەلّ پێدراو و گۆڕاوەکانی سەردەم نییە، بەلاّم بێگومان زۆرجار مرۆڤ کە گەنج بێت و لە هەلومەرجێکی سیاسی ناهەموار و لەژێر فشارێکی توندی نامرۆیی بێت رەنگە بە جۆرێك گوزارشت لەو هەستەی بکات و دەریبڕێ، کە ئەو خواستە مرۆیی و ئازادیخوازە لە مانا جوانەکەی خۆی کەم بکاتەوە.

***ئەگەر راست بێت کە کورد تەنها وەك هەست و سۆز سەروکاری لەگەلّ چەمکی ناسیونالیزم کردووە و مەم و زینی خانیش تەنها و وروژاندنی ئەو هەستەبووە بە ئاقارێکی شاعیرانە و سەردەمی (نەهری) وەك سەرەتای چەکەرەکردنی ئەو چەمکە لە شێوەی بزاوتێکی کۆمەلاّیەتی کارا بناسرێ، بەڕای تۆ بۆچی تا ئێستا کورد نەیتوانیوە ئەو سۆزە بگۆڕێ بۆ هۆشیارییەکی تۆکمە و بیگوازێتەوە بۆ حالّەتی تیۆری، کە رەگەکانی لە قولاّیی فیکری و مەعریفیەوە سەرچاوە بگرن، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان؟**

–بەڕای من هۆیەکان زۆرن، من هیچ کاتێك خەتای مرۆڤی کورد ناگرم، بە پێچەوانەی زۆر کەسی تر.. چونکە پێم وایە مرۆڤی کورد وەك هەر کەسێکی دیکەی ئەم جیهانە حەز بەئازادی و سەربەستی دەکات و بۆیشی تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ، بەلاّم میکانیزم هەن کە رێگای لێدەگرن.. تۆ دروست بەپێچەوانەوەی ئەوە ئەبێ میکانیزم گەلێك دروست کەیت کە رێگای بۆ ئاسان کەن، بەڕای من ئەمەیان لەسەر ئەوە کەوتووە کە تۆ چەند زانیاری دەدەیت بە تاکەکەس، بۆ ئەوەی ئەو

**سەرکردایەتی کورد لە نائاگاییەکی خراپەوە، لە هەست نەکردن بە لێپرسینەوە، بەوەی یەکبوونێك و پلۆرالیزمی سیاسی هەبێت وایان کرد، کە خەباتی ناسیونالیستی کورد بۆ ئازادی کاتێکی زیاتر ببات.**

کەسە لەخۆی بە ئاگابێت و هوشیاربێت و لەواقیعە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکە تێبگات.. بە بۆچوونی من ئەو میکانیزمانەی کە هەبوون، بۆ نموونە لە شێوەی رێکخراوی سیاسی، یان رێکخراوی مەدەنی کە لە کوردستاندا هەر نەبووە، وەکو تر لە ئاستی رێکخراوی سیاسیدا ئەوەندەی لۆکالّ بیریان کردۆتەوە، نیو ئەوەندە کوردستانییانە بیریان نەکردۆتەوە و هەنگاویان نەناوە، هێندەی جەختیان لەسەر جیاوازییەکانی یەکتری کردۆتەوە و سەرنجیان داوە، لەبەرامبەردا پرسە سەرەکیەکەیان بیرچۆتەوە، بۆیە پێم وایە باسەکە هەروا کورت و ئاسانە و بەو شێوەیە درێژدادڕی و ئالّۆزکردنی ناوێ، چونکە ئەگەر رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ئەو بەرپرسیاریەتیەیان هەلّگرتبا کە ئەو زانیاریە راستە بدەن بە تاکی کورد لە بارەی ولاّتی خۆی و مێژوو و جوگرافیا و بەرپرسیارێتی خۆی، پێم وایە ئەو کاتە مرۆڤی کورد دەیتوانی هەنگاوی مەزنتر بهاوێژێ، بەلاّم بە پێچەوانەوە لەو ئاستەدا رێگای لێگیراو ئەو زانیاریە پێویستانەی پێ نەدرا، ئیدی مرۆڤی کوردیش سوپەرمان نییە و ناتوانێ لە زگماك فەیلەسوف بێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە واقیعی خۆی تێبگات.. چونکە مرۆڤ وەکو (سیمۆن دوبۆڤوار) دەلّێ "ژن بە ژنێتی لەدایك نابێت، بەلّکو کۆمەلّگا دەیکاتە ژن"، ئەمەش دروست ئەو هاوکێشەیە دەگرێتەوە و مرۆڤ رێك بەو زیرەکی و هوشیاری و تێگەیشتنەوە لەدایك نابێت، بەلّکو کۆمەلّگا دروستی دەکات، لەبەرئەوە کۆمەلّگایەکی نەخۆشی سەرقالّ، بێگومان منالّ و تاکەکەسی زۆر بێکەس و لانەواز و برسی و تینوو بەرهەم دێنێ، ئەو منالاّنە و بەم بونیاد و پێکهاتەوە چەند ملیۆن و ملیاریش بن ناتوانن شۆڕش بکەن و بەرەو پێشەوە بڕۆن.

***هەر لە نووسینەکانی سەرەتای نەوەدەکانتەوە هەست بەوە دەکرێ راوەستانێکی قوولّ و خوێندنەوەیەکی وردت هەیە لەسەر کێشەکانی نێو هەناوی کۆمەلّگای کوردی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلاّیەتی، لە قۆناغ و هەلومەرجێکدا ئەو نووسینانە بەراورد بە قۆناغ و بارودۆخی تر جیاوازیان لە ئاستی گوتار تێکەوتووە.. ئەمەش دیاردەیەکە و لە کاری زۆربەی کارەکتەرە رووناکبیرەکانی کورد لە هەندەران هەستی پێدەکرێت، بەشێکیان بەدیوی تەنها کولاندنەوەی برین و قولّکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوان کایەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی کاریان کردووە، بەشێکی تریان بە مەبەستی داڕشتنی**

**بناغەیەکی نوێ و دروستکردنی پردی تەبایی هەنگاویان ناوە.. تۆ ئەو گیروگازە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

– من نازانم خوێنەر چۆن لەو کارانە دەگات و ناتوانم رۆڵی خوێنەر ببینم، بەڵام من خۆم پەروەردەی بەرهەمەکانی گۆران و بێکەس و قانع و پیرەمێرد و ئەدیبە کلاسیکیەکانی دیکەی کوردم.. بۆیە هەمیشە دڵم لای گەلی کورد و کوردستان بووە، من وەکو کەسێکی واقیع بین، کە بەردەوام قوتابخانەی راشیونالیەتم پێ قبوڵ بووە وابیردەکەمەوە گوتنی راستییەکان ئازار دەگەیەنن، بەڵام سودیان دەبێت، من ئەو رێبازەم بۆخۆم گرتۆتەبەر پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ ((دۆست ئەوەیە کە دەتگریێنێ و دوژمن ئەوەیە پێت پێدەکەنێ))، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو کارەی کردوومە بەو مەبەستە کردوومە کە ئەگەر برینی کوردیش بکولێنمەوە بتوانم بەکورد بڵێم تۆ زۆر لەوە گەورەتر و زیاتری کە ئەمەت پێ بکەن، یان ئەوە بکەی.. هیوادارم وانەکەیت، هەڵبەت لەم شێوەیەش زۆر بە ئاگام کە شتێکی نۆرماتیك نەکەم و بە خەڵك بڵێم وابکەن و وامەکەن، واتە تەلقین نەدەم.. بەهەرحاڵ هیوادارم کە خوێنەر لەوە تێگەیشتبێ کە ئەوە مەبەستمە، چونکە بە پێچەوانەوە هەرگیز ناوچەگەر نەبووم و جیاوازیم لە نێوان هیچ کوردێك نەکردووە، بگرە لە بنەڕەتدا من جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا ناکەم، بە راشکاوی دەڵێم زۆر حەزم دەکرد ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوایە ببم بە کەسێکی تر، بەڵام ئەشقی من بۆ کورد و کوردستان لەبەرئەوەیە ژێردەست و داگیرکراوە و پێم خۆش نییە وەکو مرۆڤێك ئەمە قبوڵ بکەم، بۆیە دەمەوێ بڵێم کە هەمیشە لە پشتی گوتار و نووسین و کارەکانم مەبەستی دروستبوون و دروستکردن و پتەوکردنی ئەو تەباییەیە کە نییە، چونکە ئەگەر پەنجە بۆ نەخۆشی و لاوازی و کەموکوڕی و بۆشاییەکان درێژ نەکەیت و قسەیان لەسەر نەکەیت، باوەڕناکەم ئەو سودە بگەیەنیت کە بە کۆمەڵگاکەت بڵێیت ئەو تەباییە مانای چییە.

***بێگومان زۆر لە ئەزموونەکانی دونیا ئەوەمان پێدەڵێن، کە کایەی سیاسی زۆر جار چاوەڕێی ئەوەیە ئەزموون لە کایەی رووناکبیری و دەستەبژێر وەربگرێ، بە مانایەکی دی روناکبیر پڕۆژەکانی رێنیسانس و نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە بخاتە بەردەم کۆمەڵگا و کایەی سیاسی، تا بە ئاراستەی گۆڕان کاری لەسەر بکەن.. لەم دیدگایەوە پێت وایە تا ئەم لەحزەیە رووناکبیری کورد توانیویەتی چی پێشکەشی کۆمەڵگا و ئەو کایە سیاسیە بکات و رووبەڕووی بەرپرسیارێتیان بکاتەوە؟**

_ بەر لە هەر شت دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بە گشتگیری قسەکردن گرفتی ئەوە دێنێتە پێش کە تۆ زۆر کەس مەغدور بکەیت، بۆیە من ناتوانم بۆ هەمووان و لەبری گشت قسەبکەم، بەش بەحاڵی خۆم لە بنەڕەتدا دژی وشەی روناکبیرم، لەبەرئەوە وشەی ئەنتلکتوێل ئەوەندەی کە من ئاشنابم بۆ نموونە، وشەیەکە دەتوانێ هەم نێگەتیف بێت و هەم پۆزەتیف، بەبۆچوونی من لە کوردیدا ئەم وشەیە بەرامبەر تێگەیشتوو دەبێتەوە، کەواتە مرۆڤی تێگەیشتوو لە یەك کاتدا دەتوانێ خراپ بێت یان باش. لە کاتێکدا لای ئێمە کە دەڵێی رۆشنبیر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی واتە کەسێکی باشە و میهرەبانە و زیرەکە و لە هەموو شتێك دەزانێ، بۆیە من دژی بەکاربردنی وشەی رۆشنبیر و رووناکبیرم و زیاتر ئەو وشەیەی تێگەیشتوو بەکاردەهێنم، بەڵام دەبێ بزانین ئەو وشەیەش بە چ مانا و لە چ ئاستێکدا و بۆ بەکاردەهێنین، بۆ وەڵامی پرسیارەکەت بەڕای من زۆربەی ئەوانەی لە کایەی نووسیندا دەیانناسم خەڵکی دڵسۆزن، بەڵام دڵسۆزی و وەفاداری هەمیشە بەو مانایە نایەن، کە لە هەموو شوێنکاتێکا سود و قازانج بگەیەنن.. زۆرجار لە دڵسۆزی و وەفاداری هەن زۆر توڕەدەبن و قسەی زۆر ناشرین دەکەن و وایان لێدێت زۆرجار بە هەڵە بیربکەنەوە و بڕیاربدەن، لەبەرئەوە زۆرجار رەنگە بۆ سەرکردایەتی سیاسی ئەوە زۆر ئەستەم بێت کە بتوانێ بە چاوێکی بێلایەنەوە سەیری بەرهەمەکە بکات و وەکو باوك و دایکێك لایەنە باش و خاوێنەکانی لێ بژاربکات و خراپ و لاوازەکانی فڕێ بدات و بڵێ ئەوە بەرهەمی گەنجێتی و توڕەبوون و شتی لەم بابەتەیە.. هەڵبەت من وەك هەر کوردێکی تر لە قۆناغی گەنجێتیدا ئەو ژیانە ژیاوم و ئەو جۆرە بەرهەمانەم نووسیوە، بەڵام لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە رشتەی سیاسەتم لە زانکۆی ستۆکهۆلم خوێند و چەندین کتێبم وەرگێڕا، تێگەیشتم کە چەندیش ناڕەحەت و نا ئاسودەبیت و زیانت لێکەوتبێت دەبێ ئارام بیت، چونکە ئارام نەبیت ناتوانی گوزارشت لە خۆت بکەیت و ئەو مەبەستە بپێکی کە دەتەوێت باسی بکەیت، لەو باسکردنانەشدا بێگومان دەبێ پشت بە بەڵگە و ئەرگومێنت و شتی زۆر زانستی ببەستی. بۆ نموونە ناتوانی لە خۆتەوە بڵێیت هەولێر بێ کارەبایە، بەڵکو دەبێ بڵێی بەو پێیەی کە

**گەنجان و نەوەی ئێستا توانا و ئامادەیی زۆری ئەوەیان تێدایە خزمەتی ئەم وڵات و ئەزموونە بکەن، بەڵام ئەمە دەوەستێتە سەر وەستایی دەسەڵاتی سیاسی و سیاسەتمەداران، کە سوود لەو سەرچاوەی هێزە وەربگرن.**

خۆم بینیوومە لە فلان گەڕەك و کاتژمێر ئەوەندە تا ئەوەندە کارەبا نییە.. واتە دەبێ بەشێوەیەکی کۆنکرێتی باسی کێشەکە بکەیت، بۆ ئەوەی بتوانی هۆکارەکانی بدۆزیتەوە و چارەسەری بکەیت.. بۆیە بەلای منەوە پرۆسەی خوێندن لە ئەوروپا بێجگە لەوەی فێری مانای چەمکەکان و بەکارهێنانیان لە شوێنی خۆیدا دەکات، هەروەها فێری ئەوە دەبیت کە میتۆدی رەخنەگرتن و میتۆدی پێشنیارکردنی زانستیانە لە کارەکانتدا بگریتە بەر. بۆیە ئەم شێوە فێربوونە زۆر شتت بۆ دەگۆڕێ، بۆ نموونە جیهانبینیت تەواو دەگۆڕێ لەوەی کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەبینی و تێدەگەیت کارە سیاسییەکان چەندە قورسن لە پراکتیدا و چەندە لە یەکتری جیاوازن و ئەوەت بۆ روون دەبێتەوە کە پێشینەی ئەنجامدان بۆ کام کارەن و کامەیان هەنووکەیین و کامیان پێویستە ئایندە بکرێن، ئا لەو حاڵەتەدا جۆرە تۆلێرانس و هاوسەنگیەکی سیاسی پەیدا دەکەیت، کەوات لێدەکات لەسەرخۆ و بەکاوەخۆ و قووڵ و بەرپرسیارانەتر بیربکەیتەوە.

***پێت وانییە بەهەمان ئەو ریتمەی کایەی سیاسی، لەنێو گوتاری ئەوەی تۆ ناوت نا تێگەیشتووەکان لە خستنە ڕووی پرس و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی دووبارە دەبێتەوە، کە سەرجەمی کێشە و قەیران و بۆشایی و دەرکەوتەکانی نێو کۆمەڵگا دەبەستنەوە بە**

**گوتارێکی سیاسی و چارەسەری سیاسییانەی بۆ دەدۆزنەوە، لە کاتێکدا بە پێی زۆربەی سەرچاوە و تیۆرەکان زۆرینەی گرفتەکان رەگەکانیان و هۆکار و سەرچاوەکانیان کۆمەڵایەتین.. بەڕای تۆ ئەم شتە لە ناهۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت، یان خوێکە و پێمانەوە گرتووە؟**

_ دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قوتابخانەکان، من پێم وایە رەگی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ناهوشیاری، تا هوشیاری سیاسی بەهێزبێت، ئەوا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی تر بیردەکەنەوە، بەڵام هوشیاری سیاسی چۆن دەست دەکەوێ؟ پێش هەموو شتێك کە دەوڵەتێکت نەبێت و بەرپرسیاربێت لە هوشیاری تۆ، ناتوانی وەك تاکەکەس ئەو هوشیارییە بەدەست بێنی، با.. رەنگە تۆ وەك کەسێکی دەگمەن لە شوێنێك بە خوێندنەوەی خۆت پێشکەویت و هوشیاربیت، بەڵام ئەمە گشتگیر نییە و نەتەوەیەك ناتوانێ بەم شێوەیە پێشکەوێ، چونکە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەی فێربوون و پێگەیشتن بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەك نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە، کە وەکو دامەزراوێکی سیاسی دەبێ ئەو کارە بخاتە ئەستۆی خۆی... لەبەرئەوە دەبێ سەرەتا هەموو هەوڵێکی هاولاتی کورد بۆ ئەوە بێت، کە دەوڵەتێکی کوردی دروستبکرێ، چونکە تەنها لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بۆ نموونە دەتوانی داوای مافەکانی ئافرەت و منالْ لە خەڵکانێکی بەرپرسیار بکەیت و داوای ئایندەیەکی باشتر و خۆشگوزەرانتر و دڵنیاتر بکەیت، بۆیە من پێم وایە ئەو هوشیارییە تەنها دامەزراوەی سیاسی، کە بەرپرسیاربێت لەو خاك و نەتەوەیە زەمینەی بۆ دەرەخسێنێ و کاملی دەکات.. بەو شێوەیە ئەگەر دەوڵەتت هەبێت، کە لایەنێکی ستروکتوره و لایەنەکەی تری ئۆرگانیزەیە، تۆ ستروکتورێك دادەنێیت، پاشان لە رێگای میکانیزمی رەخنەگرتنەوە خەڵك دەتوانن رەخنە لەو ستراکتورە بگرن، بۆ ئەوەی کە بیگۆڕن، ئینجا خودی ئۆرگانیزەکان کە هەن دەبێ چی بن و چۆن بن؟ جا تۆ وەرە سەیرکە لە زۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەو سیستەم و ولاتانەی بڕوایان بە مەدەنیەت و دیموکراسی و پلورالیزم و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی هەیە بودجەی سالانەی خۆیان بەشێوەیەك تەرخان دەکەن، کە بەشی هەرە زۆری و یەکەمجار بۆ بواری پەروەردە و فێرکردنە و بەدوای ئەو تەندروستی، ئینجا ژینگە و .. هتد دێت، زۆرجار وایە بواری بەرگری بەشی دەیەمی بەردەکەوێت، لەسەر بنەمای ئەوەی تۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر و تەندروست و ژیان دۆستت دەوێ، یان کۆمەڵگایەکی بخۆر و مشەخۆر، هەموو ئەمانەش دەسپێك دەکەوێتە سەر دارشتنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بەگوێرەی پێدراوە هەنووکەیی و ئایندەییەکان، کەواتە ئەو هوشیارییە لەو سەرچاوەیەوە دێت، هاوکات لە رێگای میکانیزمی تریشەوە دێت کە رێکخراوی ناحکومین، هەموو ئەوانە هێشتا لە ولاتی ئێمە کە کیانێکی سەربەخۆ و ئارامیەکی سیاسی تێدانییە، لە قۆناغی سەرەتایی و کۆرپەلەیی خۆیاندان. ئیدی هەموو ئەو راستییانە راستەوخۆ رەنگدانەوەیان لەسەر جۆری بیرکردنەوە و شێوازی کاری هەر یەکێکیان هەیە، کە وایکردووە هێشتا هیچ کام کەس و لایەن و هێز و کایەکانی کۆمەڵگاکەمان نەکەوتبنە سەر راستەڕێکردن و هەنگاو و بیرکردنەوە و دونیابینی تەندروست.

***ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستان، وەك خۆی چۆن دەبینی؟**

_ کە کیانێکی سیاسی وا دروست بووە، پێم وایە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە، لەبەرئەوەی من ناسیونالیستێکی ئازادیخوازم ئەوە ناشارمەوە، ئەو ئەزموونەم خۆشدەوێ و حەزدەکەم بیپارێزم و پەری پێبدەم، بەڵام هەر ئەو خۆشویستن و حەزە بەس نییە، بەڵکو دەبێ هەم کایەی سیاسی و هەمیش هاولاتی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ، چونکە دیموکراسی بێجگە لە ماف، هاوکات ئەرکیشە، ئەو ئەرکە هەر لە هەڵگرتنەوەی توێکڵە مۆزێك دەست پێدەکات، کە نازانی هی کێیە و کێ بەسەریدا دەڕوا، تا دەگاتە کاری گەورەتر و خۆتەرخانکردن بۆ خزمەتی خەڵك. پێم وایە حکومەتی کوردستان دەتوانێ کاری باش بکات، بەڵام ئەو کارە باشە کاتێك دەکرێت، کە هەوڵ بدرێت سوود لە توانا و هێز و وزەی خەڵکانێك وەربگیرێ، کە ئەگەرچی وەفاداری حزبیش نەبن، بەڵام ولاتپارێز و دڵسۆزی ئەم گەل و نیشتمانەن و خەڵکێکن لێرە لە دایکبوون و وەك هەر کەسێکی تری ئەندامی حزبێك مافی ژیان و گوزەران و کار و بەشداری سیاسییان هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دەیبینم و زۆر ئازارم دەدات پرسی خزم خزمێنە و ئینتمایی حزبی و گەیشتن بەسەرەوە بێ ماندووبوونە، کە ئەویش رەنگدانەوەی کلتور و پەیوەندی خێڵەکییە و لە کوردستاندا رەنگی داوەتەوە، ئەوەش لە راستیدا وانەبێت تەنها لە کەس و لایەن و هێزێکی دیاریکراودا ببینرێ، بەڵکو لە تەواوی کوردستان بەرچاو دەکەوێت.. هەر خودی ئەو جۆری پەیوەندییەیە کە هۆکاری دروستبوونی گەندەڵی سیاسین، کە دەبێ ئەگەر بنبڕیش نەکرێ، کەم بکرێتەوە بۆ ئاستێکی نزم و بچوکترین شێوە، من ئەوە دەزانم کە لە هیچ ولات و کۆمەڵگا و سیستەمێکی دونیا ناتوانێ ئەو دیاردەیە بنەبڕکەیت، بەڵام دەتوانرێ بە جۆرێك کەم بکرێتەوە و کاریگەرییەکانی کاڵ بکرێنەوە، کە هاولاتی بتوانێ هەناسە بدات... من پێم وایە گەنجان و نەوەی ئێستا توانا و ئامادەیی زۆری ئەوەیان تێدایە خزمەتی ئەم ولات و ئەزموونە بکەن، بەڵام ئەمە دەوەستێتە سەر وەستایی دەسەلاتی سیاسی و سیاسەتمەداران، کە بتوانن سود لەو سەرچاوەی هێزە وەربگرن.

***((رێبوار)) لە میانی کار و نووسینە بەردەوامەکانیدا، لە سەرەتای سالانی نەوەدی سەدەی رابردوودا تا بە ئەمڕۆ دەگات، کۆمەڵێك بەرهەم و پەرتوکی بە پێزی چ وەك نووسین یان وەرگێڕان خستە نێو کتێبخانەی کوردی، لەوانە کتێبەکانی (پڕۆژەی فرۆشتنی کوردستان و گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو، رۆمانی تارمایی هەڵەبجە، کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی- کە بێشکچی نووسیویەتی و لە ئینگلیزی وەریگێڕاوە بۆ کوردی، جەنگی سارد لەبادا- کە کتێبێکی لارش ئێریك ڤێنستراندی رۆژنامەوانی سوێدیە و کردوویەتیە کوردی، دڕندەکان تاکبڕ بکەن- لە سوێدیەوە بۆ کوردی و نووسینی نووسەری سویدی سڤێن لیندکڤیستە، پالمە خۆی)، ئەمە و جگە لە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بەردەوام کە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا بلاوی دەکاتەوە.. کاتێکیش پرسیاری دوا پڕۆژەی نووسینمان لێی کرد گوتی:**

- دوا پڕۆژەم کتێبێکە بەناوی (ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت)، کە لەسەر تیۆری فێمینیستی دەدوێت و لەم رۆژانە (دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس) چاپ و بلاوی کردۆتەوە، هەر لێرەوە سوپاسی کاك ((بەدران ئەحمەد)) دەکەم بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونە زۆرەی لەگەڵیدا کێشای و سوپاس بۆ ئێوەش.

## پرۆفیسۆر نادر نادرۆف:

# کوردستان لەسەر دەریای پەترۆڵە

ناجی شانەدەری



**لەنێو کورداندا کەسانێك هەڵکەوتوون، کە بڕوانامەی بەرزیان لە بوارە جیاجیاکانی زانستیدا وەرگرتووەو لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکانیشدا شوێن پەنجەیان دیاربووە، پرۆفیسۆر (نادر نادرۆف)یش یەکێکە لەو کەسانەی کە خاوەن شارەزایی و پسپۆرییە لە بواری ئەندازیاریی نەوت و ئێستا لە ولآتی کازاخستان بڕوانامەیەکی بەرزی بواری نەوت، بەناوی (مەدالیای نادر) پێشکەش بە قوتابییە سەرکەوتوو و بلیمەتەکان دەکرێت.**

لەدوا سەردانی بۆ کوردستان وتی: سەردەمێکە چاوەڕێی ئەو رۆژەم کوردستان ببینم، تەمەنم گەیشتە (75) ساڵ، ئاواتم هاتەدی کوردستانم بەسەرفرازی بینی، کە بووینە خاوەن پەرلەمان و حکومەت، دوژمنانی گەلی کورد بە چ شێوازێك مامەڵەیان لەگەڵ کورددا دەکرد؟ لە هیچ تاوانێك بەرامبەر گەلی کورد سڵیان نەکردۆتەوە، خەباتی بارزانی نەمر کوردی گەیاندە ئەو رۆژە، کە گەلی کورد پێی سەربەرزە، تەمەنم (5)ساڵ بوو واتە ساڵی 1937 شەڕ دەستی پێکرد، داگیرکەرانی کوردستان ئێمەیان راگواست، لە وەرزی زستان دوو مانگ بە رێگاوە بووین تا لە کازاخستان گیرساینەوە، 300 کم دووریان خستینەوە لە شار، ئەو کات باری ئابووریمان سەخت بوو، بە ئێمەیان گوت ئێوە چ میللەتێکن گوتمان کوردین، بەلآم شارەزاییان نەبوو لە سەر کورد، کە بارزانی نەمر لە سۆڤیەت گەڕایەوە عێراق داگیرکەرانی کوردستان دانیان نەنا بە مافەکانی گەلی کورد، شەڕ دەستی پێکرد لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر، جیهانیش شارەزایی پەیدا کرد لە سەر کورد.

ساڵی 1956 هاتمە مۆسکۆ بۆ خوێندن، کوردێکی گورجستانم بینی بە ناوی ( شەمۆ )، پێم گوت کورد هەنە لێرە، گوتی کوردێکی کوردستانی عێراق لێرەیە، چوومە دیداری بینیم مەلا مستەفای بارزانی بوو، چاوم پێکەوت زانیم مرۆڤێکی دیارو ولآت پارێزە، پرسیاری لێکردم منیش دیرۆکی خۆم بۆ گێڕایەوە، زۆر بەختەوەر بووم بە دیداری .

***سەبارەت رەوشی کوردەکانی کازاخستانیش بە تایبەتی لە بواری زانستی و کۆمەلآیەتی و رۆشنبیری نادرۆف وتی :**

– لە کازاخستان نزیکەی 100000 کورد هەنە، کوردەکانی کازاخستان لە دوای کوردەکانی ئەرمەنستان دێن، دەتوانم بڵێم کوردەکانی کازاخستان لە بواری زانستیدا دیارن، ئێستا نزیکەی (15000) کورد هەنە، لە مۆسکۆ گۆڤارو رۆژنامە دەردەکەن، رۆژنامەیەك بە ناوی (کوردستانی ئازادی) بە زمانی رووسی و گۆڤارێك بە ناوی (دۆستایەتی) دەردەکەن .

*** هەروەها دەربارەی تێکەڵی کوردەکان لە گەڵ کازاخییەکان ئاماژەی بەوە کرد، کە کازاخییەکان زۆربەیان خەڵکی دیهاتەکانن و ژیانی ئەو زۆر لە ئێمە نزیکە، ئەوان موسڵمانن ئێمەش موسڵمانین، کەواتە لە ڕووی ئایینیەوە جیاوازیمان نیە، لە ڕووی زمانەوە گرفتێکی ئەوتۆمان نیە، چونکە هەموو کوردێك زمانی کازاخی دەزانن، ئەگەر کوردێك بە زمانی کوردی بدوێت ئەوان پێی خۆشحاڵن . لەدوای پارچە پارچە بوونی یەکێتی سۆڤیەت زۆربەی نەتەوەکان بوونەتە خاوەن ولآت و نیشتمان، ئێمە ماوین لەو نێوەندەدا.**

**وەك شارەزایەکی بواری پترۆل، لە بارەی پەترۆل لە کوردستان گووتی:** ئێمە هەر لە منداڵیەوە درکمان بەوە کردووە، کە داگیرکەران شەڕیان لەگەڵ کوردا دەکرد، دەیان زانی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە ڕووی نەوت و ئاو، کوردستان لەسەر دەریای پترۆلە و زۆربەی رووبارەکانی لەناو کوردستان هەڵدەقوڵێن، بەلآم تا ئێستا ئەو بوارە بۆ ئێمەی کورد نەڕەخساوە تا سوودی لێببینین، ئەگەر دیرۆکی کوردستان هەڵدەینەوە ئەوانەی دۆستایەتی کوردیان کردووە کوردیان فرۆشتووە بۆ مەرامەکانیان، ئەگەر ئێستا ئەمریکا دۆستی کوردبێت لە بەرخاتری کورد نییە، بەڵکو کورد شەڕی سەدامی کرد لەگەڵ ئەمریکا، ئێستا ئەمریکا دۆستی نەماون وەکو جاران، ئێستا کورد نزیکترین دۆستی ئەمریکایە لە رۆژهەلآتی ناوین، جێگای خۆشحاڵیە کورد یەکدەنگن، هەموو جیهان دەڕوانێتە کوردستان، ئەوە جێگای بەختەوەرییە، ئێستا کوردێك (بەرێز مام جەلال) سەرکۆماری عێراقە، (بەرێز مەسعود بارزانی) سەرۆکی کوردستانە، ئەوە جێگای بەختەوەری هەموو کوردێکە، بلیتی فڕۆکە لەسەری نووسراوە کوردستان ئەوە جێگای سەربەرزیە بۆ کورد، من بلیتەکەم ماچ کرد کە لەسەری نوسراوە کوردستان، من ئێستا کتێبێك دەنووسم لەسەر زانستی پەترۆڵ. کوردستان لەسەر دەریای پترۆڵەو پترۆڵەکەی چەند چەرخی دیکە دەمێنێت، سەردانی پەرلەمانی کوردستانم کرد، چاوم کەوت بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکەی، ئەگەر ڕەزامەندی هەبێت سەردانی سلێمانی دەکەم، داگیرکەرانی کوردستان ئەو بوارەیان نە ڕەخساندووە بۆ قوتابیانی کورد تا بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنن، من ئامادەم لە هەموو بوارێك هاوکاری میللەتەکەم بکەم.

# پەرستگای زەردەشتیەکانم بینی

عیسا مەمەدەڕەش

کاتێک بەم دوایە بە سەفەرێك چووم بۆ ئێران، بە چاکم زانی سەردانێکی نێو زەردەشتیەکان بکەم، ئەو ئاینەی کە بەلای زۆربەمان ناناشنایە و، لایەنە شاراوەکانی دەرنەکەوتوون، کە ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەوان بەردەوامن لە پاراستن و ڕێزگرتن لە بەهاو پیرۆزییەکانی ئاینەکە و مەراسیمە دینیەکانیان.

چووم بۆ (ئاتەشگە)ی زەردەشتیەکان، کە بەمانای ئاگردان دێت، لە گەڕەکی زەردەشتیەکان بوو، لە کۆڵانی شیرو خورشید، کە ئێستا (بەهمەن)ی پێ دەڵێن و ناوی مانگێکی ئێرانیە. هەر زوو ڕووی پرسیارم ئاراستەی (موبد)کرد، کە مامۆستایەکی ئایینی زەردەشتی بوو، جگە لەمەش (موغان) یان (موکان)ی پێ دەوترا. پێم وت زەردەشت کێ یە؟ وتی: زەردەشت لە نەژادی ئاری و لە نەتەوەی مادەکانە، لە سنووری کوردستان لە دایك بووە. ئینجا سەبارەت بە بەردەوامی ئاگرەکە پرسیارم لێکرد، وتی: ئەو ئاگرە زیاتر لە (1000) ساڵە بەبەردەوامی دادەگیرسێت و نەکوژاوەتەوە، ئەگەرچی زۆرجاریش گواستراوەتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، سەرەتا لە (پارس) و پاشان بۆ (ئەقدا) دوای 700 ساڵ بۆ شاری (یەزد) کە ئێستا لەو شارە بەردەوام دادەگیرسێ و خەڵك بۆ سەیرکردنی ڕۆژانە ڕووی تێدەکەن.

ئەو وتی: جیاوازی پێغەمبەر زەردەشت لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر لەوەدایە، ئەوان لەلایەن خوداوە نێردراون، بەڵام زەردەشت وتی من هاتووم خودای یەکتا بدۆزمەوە، کە تەنها یەك خودا هەیە، ئەو پەنجەیەی کە بەرزی کردۆتەوە ئاماژەیە بۆ ئەمە.

وتی ئاگر هەر کاتێك پەیدابوو، شارستانیەت سەری هەڵدا، بۆیە زۆر پیرۆزە و مرۆڤ ناتوانێت بە بێ ئاگر بژێت و نابێت مرۆڤیش لە ڕۆژی قیامەت بە ئاگر بسووتێت.

سەبارەت بە بەرزراگرتنی ئایینەکەیان و جێ بەجێ کردنی فەرز و ئەحکامەکان وتی: ئێمە نوێژ دەکەین و لەکاتی نوێژکردنیش ڕوو لە خۆر دەکەین، ساڵانەش 25 ڕۆژ، بەڕۆژوو دەبین، بەرامبەر هەر گوناهێکیش لە ئایینی زەردەشت، ئەو کەسەی گوناه دەکات ئەبێت دارێك بچێنێت، بەڵام ئەگەر گوناهەکە گەورەتربوو، دەبێ حەوزێکی ئاو دروست بکات و دارێکیش بچێنێت، ئەگەر زۆر لەمەش گەورەتربوو، دەبێ حەوزێك و بیرێکی ئاو لێبدات و دارێکیش بچێنێت، کە ئەمەش لەلای ئەوان زیاتر گرنگی دانە بە سروشت و جوانکاری شارو دێهاتەکانیان.

ئەو ڕووداوێکی مێژوویی بۆ گێڕامەوە، کە بۆ ئەوان بۆتە نەریتێك و تقوسێکی دینی زۆر پیرۆزە، ئەو شوێنە مێژووییەش بەناوی (چەك



پۆرترێتی زەردەشت..

چەك)ە، کە گوایە کاتی هاتنی لەشکری ئیسلام و تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و لەناوچوونی دەسەڵاتی (یەزگرد) کە پاشایەکی ئەو کات بووە، کاتێك کچەکانی پاشا بە (کەنیز) دران بە سەردارانی ئیسلام و یەکێك لە شازادەکان کوڕی خەلیفە (عمری کوڕی خەتاب)ە، کە ئەویش بەمە ڕازی نەبوو، ڕای کرد تاکو ئەو شوێنەی کە کەوتۆتە ژێر چیایەك و هیچ ڕێگایەکی تری نەمابوو بۆ ڕاکردن لە دەست ئەوان، لەوێ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی لەشکری ئیسلام و هەر لەوێ دەیکوژن و لەوێش نێژراوە، بۆیە بەم شوێنە دەڵێن (چەك چەك)، کە ئەم چیایە وەکو ئەوەی بەردەوام بۆ ئەم واقیعە دەگرییێت و فرمێسك دەڕێژێ، زەردەشتیەکان لە بۆنە ئایینیەکانی خۆیان، لەو شوێنە کۆدەبنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن، کە ئەو ئافرەتە بەرگری لە خۆی کردووە و نەچۆتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام.

# چیرۆکی تابلۆی کوردێك لە نووسینگەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا

حوسێن مستەفا

کورەڵاوێکی زاخۆیی ئاکنجی ئەڵمانیا، لە یادی کریسمسی 1997، قەلەمکێشی تابلۆیەکی زامی هەڵەبجەی بۆ سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بیل کلنتۆن نارد، ئەویش لەسەر کارتێکداو بە ئیمزای خۆی وەڵامی ئەو کورەڵاوەی داوەتەوە. ( حەسیب ئەدیب عەبدی زاخۆیی) لە ساڵی 1970لە بەغدا لەدایك بووەو لە 1975 ئاوارەی ئێران بووەو لە 1991 گەڕاوەتەوە کوردستان و لە 1995 چۆتە ئەڵمانیاو لە دوا گەڕانەوەی بۆ کوردستان، باسی لە تراژیدیای هەڵەبجە کرد، وتی: کارەساتی هەڵەبجە تراژیدیایەکی ئینسانی گەورەیە، مرۆڤایەتی لەبیری ناکات، ئێمەش لەبیرمان ناچێتەوە، ئەو کات لە زێوەی ئێران بووم لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی دەمخوێند، بیرم کردەوە وەك کوردێك هەستی خۆم سەبارەت بە هەڵەبجە دەرببڕم، بۆیە بە تابلۆیەك کە




قەلەمکێشی تابلۆی هەڵەبجە بۆ کلنتۆن..

گوزارشتی لە کارەساتی هەڵەبجە دەکرد بەشداریم لە پێشبڕکێیەکی شێوەکاری کرد، لەسەر ئەو تابلۆیە سوپاسنامە و دیاریم وەرگرت، کە گەڕامەوە کوردستانیش لەسەر کارەکانم بەردەوام بووم، دوای چوونە ئەڵمانیاش، بۆ پیرۆز کردنی سەری ساڵی نوێ لە 1997دا تابلۆیەکی قەلەمکێشی هەڵەبجەم دروست کرد، لەسەر وێنەیەك کە بە کامێرای ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی لە هەڵەبجە کێشرابوو، لەگەڵ نامەیەکی سێ لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزی وەك دیاری سەری ساڵ بۆ سەرۆکی ئەوسای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (بیل کلنتۆن)م نارد، لە نامەکەمدا نووسیبووم: "جەنابی سەرۆکی ئەمریکا من وەکو کوردێك لە کەمپێکی پەنابەری لە ئەڵمانیا، لە ژوورێکی تەنیایی دوور لە وڵات و کەسوکارو میللەتەکەم پێشوازی لە سەری ساڵی نوێ دەکەم، بۆ پیرۆزبایی ساڵی نوێ ئەم وێنەیەت بۆ دەنێرم، کە ڕەنگبێ پێت ناخۆش بێ لە ڕۆژێکی خۆشدا وێنەی مەرگەساتێکت بەدیاری بۆ بێت، بەڵام ئێمەی میللەتی کورد هەمیشە بیر لەو کارەساتانە دەکەینەوە، کە بەسەرمان هاتوون، تۆ وەك ئینسانێکی ئەمریکی یان هەر هاوڵاتییەکی دیکەی دونیا بیر لەوە دەکەنەوە داخۆ ساڵی ڕابردووتان بە چ بۆنەو خۆشییەك تێپەڕاندووەو بەرنامەو پلانیش بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ساڵی نوێی داهاتوو دادەنێن، بەڵام ئێمەی کورد کۆتایی هەموو ساڵێك بیر لەو کارەساتانە دەکەینەوە کە ئەو ساڵە بەسەرمان هاتوون، وە ترسی ئەوەشمان هەیە کە لە ساڵی نوێ چ کارەساتێکی ترمان بەسەر دێت، ئێمە لە مێژوودا بینیومانە کە هیتلەر دیکتاتۆرو خوێنڕێژ بووە، بەڵام سەدام زۆر لەو خوێنڕێژترو دیکتاتۆرتر بوو، چونکە ئەگەر هیتلەر خەڵکی وڵاتانی دەکوشت، ئەوا سەدام جگە لە خەڵکی وڵاتان، گەلانی عێراقیشی قڕ کردن بە تایبەت گەلی کورد، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە هاوکارمان بن و بە عەمەلی دۆستی کورد بن و ڕێگا نەدەن جارێکی تر کارەساتی وا بەسەر گەلەکەمان دابێت".

**سەبارەت وەڵام و کاردانەوەی کلنتۆن بەرامبەر ئەو تابلۆ و نامەیە، حەسیب ئەدیب دەڵێ:**
ئەوەی ڕاستی بێ چاوەڕێی وەڵام نەبووم، بەڵام لە بەرواری 1997/4/2 دوای سێ مانگ، کارتێکی سوپاسگوزاریم لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن بە ئیمزای سەرۆك کۆمار (بیل کلنتۆن) پێ گەیشت، کە تیایدا نووسیبووی: "من زۆر سوپاسی تەعبیری جوان و ئەو دیاریە بەنرخەی تۆ دەکەم، کە بۆ منت ناردووە، ئێمە داوای سەرکەوتن بۆ جەنابت دەکەین، لەم ڕێگا پیرۆزەوە هیوادارم، کە هەردەم ئێمەت لە بیر بێت".


Thank you for your kind words and your thoughtful gift. We appreciate you remembering us in this special way, and are very grateful for your support.

To Mr. Hasib Adib Abdi

Bill Clinton

White House Washington, 02.04.1997

وەڵامی بیل کلنتۆن بۆ حەسیب..

ئێستاش ئەو تابلۆیە لەلای بیل کلنتۆن لە نووسینگەکەی لە کۆشکی سپی پارێزراوە، من بەنیاز بووم ئەو کارتەی جەنابیان وەك یادگارییەکی بەنرخ بە دیاری پێشکەشی مینۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید بکەم، چونکە پێم وایە ئەو یادگارییە موڵکی هەڵەبجەیە نەك موڵکی من، بەڵام بەداخەوە تا هاتمەوە ئەو مینۆمێنتە سووتێندرا.



حەسیب ئەدیب زاخۆیی

ئەگەر حکومەتی یەکگرتووی کوردستان مینۆمێنتەکەی نوێ کردەوە، ئەو کارتەیان وەك یادگارییەك پێشکەش دەکەم. هەروەها ناوبراو وتی: هەمیشە هەوڵم داوە دەنگ و هەستی میللەتی کورد بە میللەتانی دیکە بگەیەنم، لە کاتی کارەساتی بومەلەرزەی ئێرانیش وەکو کوردێك هەستی دڵسۆزی میللەتی کوردم ئاراستەی (محەمەد خاتەمی) سەرۆکی ئەوسای ئێران کرد و سوپاسنامەیەکی فەرمی بۆ ناردم.
لە ڕووداوەکەی ساڵی 2003 ی کەشتیئاسمانی کۆلۆمبیسیش، کە 7 قوربانی لێکەوتەوە ( ژنێك و شەش پیاو)، ئەو کاتیش وەك کوردێك سەرەخۆشیم بۆ خێزان و کەسوکاری قوربانیەکان ناردو هەستی کوردیکم سەبارەت بەو کارەساتە دەربڕی، ئەم چەند وشانە لە تەعبیرەکەدا هاتبوون" ئاگری ئەم مۆمانە تا هەتایە دادەگیرسێ و ئێوەش هەموو کات لە یادی ئێمە دەمێننەوە". ئەوانیش لە سایتی خۆیان سوپاسنامەیەکیان بۆ ناردم. لە ساڵی 2005 یش چەند کارێکی هونەریم دروست کردو بۆ سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەڵمانیا (گێرهارد شرۆیدەر)م ناردو سوپاسنامەم بۆ هات.



# هاواری بەڕوو، ناسنامەی شاعیرێك

فوئاد رەوەند

هـاواری بـەڕوو، ناونیـشانی سـێیەمین پـەرتووكی خـاتوو (ناهیـدە محەمەدی)، كچە شۆخ و شەنگی شاری قەسری شرینی رۆژهەڵاتی كوردســتانە، كــە لــە ســاڵی 1976 لــە دایــك بــووە و خــاوەنی بەكالۆریۆسی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە. هۆزانڤان، شێوەكارێكی فلچە رەنگین و پسپۆری دیزاینی جل و بەرگە. لە ساڵی 1997 و لە ساڵیادی هەڵەبجە، لـە زانكـۆی تـاران یەكـەمین جـار هـۆنراوەی بـۆ جەماوەری خوێندەوە. ناهیدە بە یەكەمین شاعیری ئافرەتی كرماشان كە بە زاراوەی كەڵهووڕی هۆنراوەی هۆنیوە دێتە ژماردن و یەكەمین شاعیری كرمانشانە كە رێنووسی كوردی بۆ نووسین هەڵبژاردووە.

یەكـەمین دەفتـەری بـە ناونیـشانی چـەوەڕێ (چاوەڕوانی) لـە سـاڵی 2000 لە تاران، دووەمین بەرهـەمی بەناوی (دەروە چەیڵی شـەكەت) لـە ساڵی 2004 لـە تـاران، دوا بەرهـەمی (هـاواری بـەڕوو) كـە لـە 49 هۆنراوە پێك دێت، لـە 2005 لەلایـەن چاپەمەنیی كەوسـەر لـە تـاران لەچـاپ دراوە. سـێ كەڵـەپیاو پێـشەكییان بـۆ نووسـیوە. دكتـۆر ئیبراهیم یونـسی وا باسـی دەكـا: شـاعیر مەبەسـتی خـۆی پێكـاوە و قسەكانی شیرینە و دۆستانە لەگـەڵ دڵ دەدوێـت، محەمـەد كەمانگـەر دەڵێـت: لـە شـێعری ناهیـدەدا زێ و وڵات قـەت لـەبیر نـاكرێ، دكتـۆر محەمەد عەلی سوڵتانی دێتە ئاخافتن و دەنووسێ: ناهیدە لە هـۆنراوە نیـشتمانیەكانی خـۆی، بـاس لـە پارچـە پارچـە بـوونی سـەرزەمینی كوردستان دەكات.

رووی قـسەی شـاژنی هـۆنراوەی كـەڵهووڕ، تـەنها لـە جـەماوەر نییـە. بـەڵكو رووی لـە هەڵبـژاردەی كـوردە، روو لـە (شـێركۆ بێكـەس)ە و ئاگاداری دەكا، كـە (كرماشـان)یش بێ ئاگانییـە لـە كاروانی ئـەدەبی شۆڕشـگێڕی كـوردی. شـانازی بـەم كەڵەشـاعیرە دەكـا و بـۆ هانـدانی دەفـەرمووی (شـێركۆ هەڵێـسیم نـەوەختی خـەوە)، دوو هـۆنراوەی پێـشكەشی دكتـۆر عەبـدوڵڵا پەشـێو كـردووە، یەكـەمینی بـەناوی (پەشـێو) باسـی كرماشـان و ئیلامـی بـۆ دەكـا و بـەناوی خوشـكێك داوای لێ دەكا سەردانی ئەم دەڤەرە بكا: (وە خـەیر بای برا پات وە بـانی چـەو). لـە دووەمـین هـۆنراوە (عەبـدوڵڵا پەشـێو)، هۆزانڤـان بـە پێچەوانەی پەیامی یەكەمی ماندووە و نائومێدە و گیانی راپـەڕیووی لە جەستەی شەكەتی تۆراوە و روو لـە هەندەران دەكا، كۆچێكی بێ وادە. ناهیدە لێرەدا خوداوەندێكی پیرۆز نییە، بەڵكو كۆتەڵی مـەرگی لەسەر شانە. بە پەشێو دەڵێت بیر لـە هاتن مەكە، كۆچ بار ئامانجە. هەمدیـسان هەڵەبجـە و دیمەنـە سـامناكەكانی و بۆردومـانی شـاری ئیلام لەسەر دەستی سەدام لەبیر ناكا، بارزانی نەمر وەك قارەمـانێكی نەتەوەیی دەناسێنێ، رووی هاواری لە كوردە و بەس...

ئـەوەی لـە دڵـی ئـەم ئافرەتـە زمـان شـیرین و چاوگەشـە دایـە رازێكـی مەزنـە، بـۆ ئاشـكراكردنی پاسـووێردی ئـەم رازە، دەبـێ نهێنیـەكانی وشـەی هۆنراوەكـانی ئاشـكرابكەین و ئـەوجا لێیتێبگـەین. ناهیـدەی خوداوەنـدی جـوانی ئـەمڕۆمان، بـە بـاڵای ڕێـك و روخـساری جـوان و ساكاری تەڕپۆش و شیرین گوفتـارە. بـەڵام گیـانی سەركەشـی تـەنیا لـە سنووری چیای زاگـرۆس دەفـڕێ، وەك سـیمورغ، یەكـەمین بووكـە، كـە خۆی لەدارە بەڕوویێك مارە دەكات. مارەیی خۆی لە باتی دراو و زێڕ، رووباری سیروان و ئەڵوەن و كانی هـەف چەشمەیە. ناهیـدە بەڕاستی خوادوەندی ئاوەدانییە، هەربۆیەش ئاو دەكاتە مارەیی خۆی.

مـن وەك وێنـەگرێك هـەردەم دەڕوانمـە گلێنـەی چـاوەكان، بـە وردی هەزاران چاوم پشكنیووە، ناهیدە دووەمین ئافرەتە كە تائەمڕۆ دیدارم لەگەڵ كردبێت و سەرسام بم بە مەلەفی چاوەكانی. چونكە نهێنیەك لـە دڵیا حەشاردراوە. لە ئەزموونی یەكەمم، ئافرەتێكی رازدار و پڕ نهێنیم ناسـی، بـە روخـسارێكی سـادە و قەشـەنگ، چـاوەكانی پـڕ شـەپۆلی خۆشەویستی لە دەریای دەم و چاوێكی ئارام، خەم و شادی یـەكتریان لـە ئـامێز گرتبـوو، وەك دایـك و سـاوا. بـەرگری و خۆبەدەسـتەوەدان لـە یەكتر ئاوێتەبوون، هاوار و خامۆشی دەستە خوشك بوون، لە دووەمین ئەزموون، لە چاوەكانی ناهیدەخانم غەم و شادی دەست لەناودەست رەشبەڵەكیان بەستبوو، لە رووخساری هێمن و قەشـەنگی دوو جووت گڕكـان نمایـان بـوون، گێـژەلوك و شـنەی بـا لەیـەك وەختـدا لـە بیلبیلەكانی ئۆقرەیان گرتبوو، زریان و رەهێڵە لە باوەشی دارخورما و لیمۆكـانی قەسـری شـیرین خۆیـان حەشـاردابوو. تـۆ بڵێـی هـەڵماوی هۆنراوەكـانی دەگەڕێتـەوە چ سـەردەمێك. ئـەو شـاهیدی خـاپووری شـارەكەی بـووە، ئـاوارەیی چێـشتووە، هـەر بۆیـەش بـێ قـەرارە، چارەڕەشـی كـوردی بینیـووە و لـە هـەمووی سـامناكتر بـێ دەنگـی جیهانی لەلای مسۆگەرە، ئەنفال و لەیلا قاسم، هەڵەبجە و ئیلام و زۆر كارەساتی تری بینیوە، هەر بۆیەش بە زمانی هێماو پڕ راز قسەدەكا، شاعیر ئاگادارە كە دوژمن غەددارە و رێی خـەبات دوورە، باش دەزانـی كە كورد بێ كەسە و تەنیا چیاكانن كە دۆستی كوردن. تەنیا داربەڕوو و كوردە كە بەرگەی ئەو هەموو كارەساتانە دەگرن. نهێنـی دڵـی لـەناو دوو وشـەی هـاوار و بـەڕوو حەشـار داوە، هـاوار واتـە ئـافرەتی كـورد، خـەبات، بـەرخودان و بەرگریـە، بـەڕوو واتـە نیـشتمان، كـورد و كوردسـتان. هـاوار چـریكەی دڵێكـی زامـداری ئەڤینـدارە، بـەڕوو سەنگەرە، هاوار گەلە و بەڕوو نیشتمان.

كــه هۆنراوەكــانی ناهیــدە محەمــەدی دەخوێنینــەوە نقــوومی خۆشەویـستییێكی ئەفسوناوی لـەناو جوغزێكی نادیار و بێ سنوور دەبیـت، زمـانی شـاعیر پـڕ هێمایـە، بـۆ ناسـینی دەبـێ چـاوەكانی سـەیربكەی و هۆنراوەكانی بخوێنی، هـاواری بـەڕوو تـەنیا دەفتـەری هۆنراوەی ئافرەتێكی كرماشان نییە، بەڵكو باسكردنی مێژووی دڵێكی سۆزدارە لە جوگرافیایەكی ووندا، چرپەی دڵێكە كە لە نیشتمانی خۆی ئاوارەیە. لە هزری خۆیدا بەدوای نیشتمان وێڵە.

# ئەو دەمەی شۆستە پیس دەبن

هاودەم لەگەڵ هەوڵی هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بۆ یەکخستنەوەی ئیدارە، قسە و باسێکی زۆریش لەبارەی رۆڵی راگەیاندن دەکرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و نەهێشتنی ئەو ئاسەوارەی کە وتاری راگەیاندنی هەردوو لا لە جنێو و ناوزڕاندن و بوختان دایانهێنا، ناو ناتۆرەیەکی وایان بۆ یەکتر هەڵبەست کە لە بازاڕی هیچ عەتارێك نەگوتراوە، خودی کاری رۆژنامەوانی لە ژێر کاریگەری شەڕە جنێوی ئەو سەردەمە کەوتە ژێر پرسیار و ئەو مێژووە جوانەیان شەرمەزار کرد کە مقداد مدحەت بەدرخان و حوسێن حوزنی وپیرەمێرد بنەوێیەکانیان داڕشت، کەناڵەکانی راگەیاندنی حزب لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ شوومترین وێسگەی رۆژنامەگەری کوردیان تۆمارکرد، هەر لەوێوە میسداقیەتی کاری راگەیاندن لە کوردستان لە نێو رای گشتیدا کەوتە ژێر پرسیار، لە لاشعوری خەڵك میدیا بوو بە بەشێك لە ئامێری شەڕ، ئەو ئومێدەی بە کاری رۆژنامە هەبوو بۆ ئەوەی بێت بە ناوبژیکەرێك و کارتی سور بەرووی ئەوانەدا بدات کە سەبەبی ماڵوێرانی و نەگبەتین لەبار چوو، لەوانەیە بارەکەش دەیان ساڵی دیکەی بوێ تا راست بێتەوە، جا بۆیە، ئەرکی راگەیاندنی حزبی لە باردودۆخی یەکخستنەوەی حکومەت و ئاشتبوونەوەی هەردوو ناوەندی راگەیاندن ئەرکێکی هێندە قورس نیە لە بەرامبەر ئاشتکردنەوەی خەڵك و دەسەڵات لە لایەك، هەروەها رۆژنامە و خەڵکیش لە لایەکی دیکە.

کارمەندانی راگەیاندنی هەردوو لا کادیری حزب و فەرمانبەری دەزگاکانی راگەیاندنن، بە بێ ویستی مەرجەع و کۆنترۆڵی سەرووی خۆیان ناتوانن هیچ پرسێك بوروژێنن، ئاسایی بوونەوەی وتاری راگەیاندنی هەردوو لا لەگەڵ یەکتر راستەوخۆ پەیوەستە بە چارەنووسی پرۆسەی یەکگرتنەوەکە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەردوو لا، چەقینی پرۆسەکە لە ئاستی سەرەوە بە ئۆتوماتیکی رەنگدانەوەی خۆی دەبێت بەسەر نەفەسی کاری راگەیاندن. ئەرکی راگەیاندن بۆ ئەم مەبەستە لەوانەیە تارادەیەك ئاسان بێت بۆ لا لێ نەکردنەوەی ئەو دۆسیانەی، کە دەبنە مایەی خەستکردنەوەی حەساسیەتەکان، ئەو کات بە روونکردنەوە و داوای لێبوردنێك هەموو لە رێ لادانێك چاکدەکرێتەوە.

زەحمەتی گەورەی بەردەم ئامێری راگەیاندنی هەردوو لا گێڕانەوەی متمانەی خەڵکە بە دەسەڵات و کابینەی تازە، راستە لە ئاستی سەرکردایەتی سیاسی زۆر بە جیددی کار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نمونەیی دەکرێت، بەڵام لەئاست شەقامی خەڵك پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ئەو جۆرە گەرموگوڕییەی نیە، بەو شێوەیەی کە روخانی سەدام خەڵکی هێنایە سەر جادە، یانیش هاتنی لەشکری تورکیا بو باشوری کوردستان بووە جێی ناڕەزایی خەڵك، بەم شێوەیە پرۆسەی یەکگرتنەوەکە رووداو نەبوو، تا ئێستا خەڵك بەرامبەر بە پێکهاتە و ستراتیژیەتی حکومەت دەروەستەیە و بەلایەوە گرنگ نیە کێ دەبێتە وەزیر و چەند وەزارەتی تازە دروست دەکرێن؟ خەڵك لە توانای دامەزراوە حکومیەکان وەگومان کەوتوە، لەوانەیە کابینەی تازە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کابینەکانی تر و لە روانگەی توانای دارایی و پرۆفیشناڵییەوە بتوانێت لە ئاست وەدیهێنان و دابین کردنی پێداویستیەکان و فشاری ناوخۆ و دەرەکی جوڵەیەك بکات، تا رادەیەکیش زەمینەیەکی رەخساو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵك لەئارادان، بەڵام هێشتا بێ ئومێدی و کەم بایەخی بۆبەرنامە و پڕۆگرامی حکومەت هەیە. تەنانەت لە ناو خودی دامەزراوەکانی حکومەت خەمساردی و خۆ بەغەریب زانین هەیە لە بەرامبەر هەندێ پڕۆژە، سالار عوسمان لە گۆشەی رۆژباش لە کۆواری گوڵان لە ژێر ناونیشانی (کۆشکی هونەر، کۆشکێکی بێ هونەر) رەخنەی ئەوەی گرتووە، کە ئەو شوێنە نەبووەتە سەنتەری کار و داهێنانی هونەری، خودی ئەم پرۆژەیە گەواهیەکە کە پەیوەندی حکومەت و کارمەندانی زیاتر پەیوەندییەکی وەزیفیە، هەستی هاوڵاتی وفەرمانبەران بەرامبەر ئەو دامەزراوانە لە پەیوەندییەکی بەرتەسکی کاروخاوەن کار زیاتر نیە، کەمتر خۆ بەخاوەن زانین بەرامبەر ئەو دامەزراوانە لە ناخی خەڵکدا هەیە، هەموو ئەو بارە قورسانە ئەرکی ئامێری راگەیانی هەردوو لایە، لە دواجاریش بەو شیعرەی فەرهاد پیربال کۆتایی پێ دێنم کە دەڵێ :

ئەگەر باخچەی ماڵێکت بینی پیس بوو
مانای وایە ژن و مێردەکە میانەیان لەگەڵ یەکتر تەواو نییە
ئەگەر شۆستەی شارێك پیس بوو
مانای وایە میللەت و حکومەت میانەیان لەگەڵ یەکتر تەواو نییە



**بۆتان تەحسین**

# نەورۆزی چیایی و، نا چیایی!



فەرزین کەریم

گەیشتمە (ک)ی پێشمەرگەی دێرین، کە کەسێکی نزیکی منەو پیرۆزبایی نەورۆزم لێکرد، سەری لەقاند، وەکو بەزەیی بەمنی زارۆك و بەستەزمان هاتبێتەوە!، بە ئەدایەکی کۆمیدیانە گوتی: ((ئەوە چەند رۆژە لە نەورۆز تێپەڕیوە، تازە بە تازە جەنابت جەژنە پیرۆزەم لێدەکەی؟! ئەدی رۆژی نەورۆز بۆ نەهاتی؟!)).

(ک) بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت، بەردەوام بوو گوتی:((ئەتۆش وەك خەڵکی دیکە لە رۆژی نەورۆزدا ڕاتکردە دەرەوەی شار!!)). ئینجا ئەدایەکەی گۆڕی و ئاساییانە گوتی:((جاران کە لەشاخ بووین مەراقمان بوو نەورۆزێ لە ماڵێ بکەینەوە، بەڵام لە شاخیش مافی نەورۆزمان دەدا، ئاگرمان دەکردەوە، گەردن ئازاییمان لە هەڤاڵان دەکرد، بەڵێن و پەیمانمان نوێ دەکردەوە، ئێستا خەڵك مەراقیەتی، کە نەورۆزی ئێمە نەورۆزی چیایی راستەقینە بوو، هی ئێوەش نەورۆزی ناڕاستەقینە!.. ئەگەر ڕوو لە چیاش بکەن هەر ناچیاییە!!)).

(ئێمە) تووتی ئاسا لە ناکاو، تەنیا لە نەورۆز وەبیرمان دێتەوە، کە ئەی باوکەڕۆ، ساڵێکمان هەیە بەناوی ساڵی کوردی، دەنا کاتەکانی دیکەی ساڵ تەنانەت ئەگەر هێمای هەستی نەتەوایەتیشمان فوول بێت، هەر ناوی ناهێنین. لە هەمان کاتدا بەتەواوی ئاگاداری چرکە و خولەك و کاتژمێر و مانگی ساڵەکانی هەتاوی و مانگی زایینی و... تاد!. بۆ دەبێت دوای تێپەڕبوونی پازدە ساڵ ئازادی، ساڵی کوردی کە هێمایەکی ئازادیخوازانە و سیمبولێکی کوردستانیانەیە، لە کوردستاندا چرکە و ساتەکانی ژیانمان لەخۆ نەگرێت؟!. بۆ دەبێت چاوەڕوانی گۆڕینی ساڵی کوردی نەبین و رێز لە دوایین چرکەکانی کۆتایی هەر ساڵێکی نەگرین و بە ئاسانی بەڕێیان بکەین؟! بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەست و نەستماندا نەبوویێت!!.

بێگومان یادکردنەوەی یادەکانی ئادار و نەورۆز پێویستە، چونکە رووداوگەلێکی گرنگی مێژوویی گەلی کوردیان لە ئامێز گرتووە و بە پردێکی ستراتیژی نێوان رووداوە چارەنووسسازەکانی پێشوو لەگەڵ هەنووکەدا لەقەڵەم دەدرێت. بەڵام ئەم یادانە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و سەری لە بێ سەریش شێواندووە! چونکە بە تەواوەتی پشووی فەرمی نیینە ، لە هەمان کاتیشدا کاریگەری شۆڕشێکیان هەیە بەسەر دەوامی دامودەزگا میرییەکان! بە تایبەتیش پەروەردە و دواتر پرۆسەی خوێندن! بۆیەشە جێگای خۆیەتی پێشنیار بکەین، کە پشووی نیوەی ساڵ نەمێنێت و بگوازرێتەوە 3/1 تا 4/1 ی هەموو ساڵێك بەشێوەیەکی فەرمی پشوو رابگەیێنرێت، تا هەم پرۆسەی خوێندن پەکی نەکەوێت، هەمیش نەورۆز و سەری ساڵی کوردی مافی راستەقینەی خۆی بدرێتێ، لە هەموویانیش گرنگتر تاکی کۆمەڵگا، بەرنامەی ساڵانەی ژیانی خۆی بزانێت و رێی لێ ون نەبێت!!.

وێڕای ئەوەی کە نەورۆز لە رووی سیاسی و کولتوری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و..تاد، کۆمەڵێك پەیام و هێمای مەزنی بۆ کۆمەڵگا و تاکی کوردی لەخۆ گرتووە، بەڵام بەداخەوە تەنیا مانا و چەمکی رواڵەتانە و دروشم ئامێزی لەبەرچاو دەگیرێت و دەرخواردمان دەدرێت! بۆ ڕەچاوکردن و زیندووکردنەوەی پەیامی سیاسی نەورۆز دەبێت ئاڵای کوردستان (بێ ئەوەی ئاڵای بەعسی لە تەنیشت بێت!!) لە هەموو شوێنێکی کوردستان بشەکێتەوە. بۆ لە نەورۆزدا بەخشینی جەژنانەی منداڵان و سەردانی جیران و ناسیاو (کە کولتورێکی دێرینەو لە نەورۆزەوە گواستراوەتە ناو جەژنی ئاییینی هەندێك لە گەلانی ترا) لەبیرکراوە؟! بەخشینی جەژنانەی میری و هاوکاریکردنی خێزانە هەژارەکان و کرینی جل و بەرگ بۆ منداڵە کەمدەرامەتەکان بۆ دەبێت تەنیا جەژنە ئاییینیەکان بگرێتەوەو نەورۆزی ((نوێبوونەوە)) نەگرێتەوە؟! ئەمەو کۆمەڵێك ((هێم))ی دیکەش، کە ئەم گۆشەیە بە تەنیا بەرگەیان ناگرێت!

ئێمە زۆر لە نەورۆزی چیایی و راستەقینە دوور کەوتووینەتەوە، با بگەڕێینەوە شاخ!!!.